لە و لاتانی جیهانی سێهەمدا ئافرەتان دێشتاریگایەکی درێژی خەباتیان لەبەر دەمدایە تابگەنە ئاواتی یەکسانی لەگەل پیاو· هەر چەندە لە هێندیك لەم ولاتانە یاسای تایبەتی دانراوە بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و هەولیکی بێ وچانیش دەدرێت بۆ چەسپاندنی یەکسانی ئافرەت لەگەل پیاودا ، بەلام بێ گومان کۆمەلانی دواکەوتووی ئەم و لاتانە زۆر بەزەحمەت و لەسەر خۆ، خۆیان لەرەوشتو (تقالید)ی کۆن رزگار دەکەن و وا بە ئاسانی ناتوانن ئافرەت لە چەوسانەوەی پیاو رزگار بکەن· چونکە ئەم چەوسانەوەی ئافرەت رەگیکی کۆنی مێژوویي هەیە· بۆ نموونە لە ماوەی پێش هاتنی دینی ئیسلام لە (جەزیرەی عارەبی) ،ئافرەت بە چاویکی زۆر نزم سەیر دەکرا و ئەو

**بۆ لاپەرەی ٥**

## جینایەتی تازەی تورکیا

راست لەو کاتەدا کە رۆژ- نامەی **سەردەمی نوێ** دەچوە چاپخانە، هەوالدەرەکانی هەندەران رایانگەیاند کەرێژ- یمی ژەنرالەکانی تورك، کوردستانی عیراقیان پەلامار داوە و ناوچەکانی سەر سنووریان بەتو- ندی بۆمباران کردوە ·

بەگوێرەی دەنگوو باسی ئاژا- نسەکانی خەبەری و نووسینی رۆژ نامەکان، رۆژی ١٩٨٧/٣/٣ سی (٣٠ فروکەی هێزی هەوایي تورکیا پەلاماریان بردۆتە سەر شۆرشگیرانی کوردستان و ٣ گوندی (سیرەت وئیرا و ئارامیش یان لە کوردستانی عیراق بۆمباران کردوە و پتر لە ١٠٠کەس خەلکی بێ تاوان کوژراوە ·

وەك رۆژنامەکانی تورك خەبەر دەدەن، هێزی کۆماندۆی لەشکری تورکیاش چۆتە نێو خاکی کوردستانی عیراق و ئەم ناوچەیە بەتەواوی لە حالەتی شەڕ دایە·

دیارە ئەوە یێکەم جار نیەکە حکوومەتی فاشیستی تورکیا بەهاو دەنگی رێژیمی بەعسی عیراق کوردستان پەلامار دەدا و خەلکی بێ تاوانی کورد بۆمباران دەکا· حکومەتە شۆڤێنی و تاوانبارەکانی داگیرکەری کوردستان هێشتا لەوە تێ ناگەن کە میللەتێکی بۆ ئازادی و بۆ مافی رەوای خۆی تێ بکۆشێت، بە بۆمباران وکوشتار و بەند و زنجیر سەر کوت ناکرێ· حکومەتە دیکتاتۆرەکانی ئیران و- عیراق و تورکیا ، بە درێژایي تەمەنی نگریسیان بۆ نەهێشتنی کورد

**بۆ لاپەرەی ٥**

162



پاشماوه ی

# یادی

له ٣٠ ی مارسی ١٩٨٧ چل سال به سەر ئەو رۆژەدا تێ دەپەڕێ که له بەره بەیانی رۆژی ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ له گۆڕەپانی چوارچرا له مەهاباد قازی و هەوالانی تێدا شەهیدکران ·

هێمن شاعیری مەزنی کوردستان دەڵێ :

**له چوارچرای مەهاباد**
**له کانگای بیری ئازاد**
**دەستی رەشی ئیستبداد**
**چەقاندی داری بێداد**
**له جەنگەی شیرین خەوا**
**له کاتی نیوه شەوا**
**کرا کاری نارەوا**
**له دار درا پێشەوا**

له ماوەی چل سالی رابردودا به ئاشکرا یا نهێنی ، له شار یا له دێ له چیا بەرزەکانی کوردستان یا له ژوره تەنگەکانی زیندان ، له کوردستان یا له ئاوارەیی خەبات گێڕو نیشتمان پەروەرو پێشکەوتنخوازانی کوردستان یادی ئەو رۆژه دەکەن بەسەر چاوەی ئیلهام و خۆ بەخت کردن و قارەمانەتی و درێژەدان به خەبات له پێناو وەدی هێنانی ئاواتی شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان ، لەم رۆژەدا بەڵێن دوپاته دەکەنەوه وشەکانی قازی نەمر دەڵێنەوه :

**" نەتەوەی کورد له هیچ چەرخێك دا له پێناوی وەدەس هێنانی ئازادی چەکی دانەناوه "**

لاپەرەی مێژوی خێناوی ئەو چل سالەی گەلی کوردمان بەڵگەیەکی مێژویی و راستگۆیی و بۆچونی پێشەوای نەمره · مەبەست له باسی ژیان و خەباتی پێشەوا پێ شاندانی لاپەرەی ژیان و جوامێری و زانایی و لێ هاتویی و مرۆڤ دوستی و نیشتمان پەروەری و گیان بەخت کردن له پێناو گەلی کوردو کوردستانیکی ئازادو دەست نیشان کردنی دوست و دوژمنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و هەڵوێستی مەردانەی قازی محەمەده که تا دوا هەناسه پێیان وەفادار بوو·

**قازی محەمەد ـ کوری قازی عەلی سالی ٩١١٩ له شاری مەهاباد له بنه ماڵیکی دینداری به ناو بانگی کوردستان له دایك بوه · زانستی ئا یینی و فەلسەفەی کۆن و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی له خزمەت زاناکانی مەهاباد و له لای باوکی خوێندوه ·**

هێشتا مێرد مندال بوه له زانستی سەردەمی خۆیدا ناوی دەرکردوەو لەم بوارەدا به ماموستا ناسراوه · له نێو هاو تەمەن و خەڵکی مەهاباد دا پایه بەرزو جێگای رێز بوه·

له تەمەنی شازده سالیدا بیری رزگاریخوازی و هەستی نیشتمانپەر - وەری هانی داوه که لەگەل کومیتەی نهێنی سەربازه شورشگیرەکانی لەشکری روسیا که ئەودەم له ئێران بون پێوەند بگرێ · لەو کاتەدا که دەبێته نوێنەری فەرهەنگی مەهاباد دەکەوێته جم وجوڵ و چا لاکی و بڵاو- کردنەوەی بیری ئازادی له نێو خەڵك دا · وەك روناکبیرێك دەردی کۆمەلایەتی خەڵکی باش دەزانی که جگه له دارو دەستەی داگیرکەرو چلکاو خۆرەکانی دەرەبەگ و ئاغا،نەخوێندە- واری و دواکەوتنه ·هەر بۆیه ش دەکه - وێته کار بۆ بلاوکردنەوەی خوێندەواری. یەکەم قوتابخانەی نوێی مەهاباد له سایەی هەڵسوران و تێکوشانی ئەو دروست کراو خۆشی دەرسی تێدا دەگوتەوه · هەروەها بناخەی یەکەمین نەخۆشخانەی مەهابادیش هەر بەدەستی ئەو ، وەله ژێر چاوەدێری ئەودا دروست کرا · ئەم جۆرەکارانه پایەی قازی محەمەدی له نێو خەلك دا برده سەرو خۆشەویست تری کرد له هەمان کات دا رێژیمی دیکتاتوری رەزەشای پەهلەویشی لێ خسته گومان و دوو دڵی یەوە. پاش کۆچی دوایی قازی عەلی) قازی محەمەد کرا به قازی موکریان ئەوەش هەلێکی باشی بۆ رەخساند که نەك تەنیا وەك مرۆڤیکی دنیایی رۆلی خۆی ببینێ ، بەڵکوو وەك سەرکردەیەکی ئاینیش ·

قازی به پێچەوانەی زۆربەی مرۆڤه ئاییی‌نیەکان مروڤیکی کرایەوه بوو ، روناکبیرێکی زاناو شارەزا بوو نەك تەنیا له زانستی ئاینی دا بەڵکو له زانستی کۆمەلایەتیشدا· چەند زمانی بێگانەی دەزانی ، به پێ ئەو سەرچاوانەی له سەر قازی نووسراون ، زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی و فەرانسی و کەمێك روسی و ئینگلیزیشی زانیوه ·له کتێب- خانەکەی دا هەمیشه چاوت به کتێبی جۆربەجۆری فێرکردن به چەند زمان دەکەوت · ئاسۆی بیرو زانیاری زۆر فرەوان بوو · له ژیانی دا زۆر موتوی خوێندنەوه بوه ، له کاتێ قازی موکریان بوه، بێجگه له کتێب هیچ دیاریەکی له خەڵك وەرنەگرتوه · له کاتی روخانی رێژیمی رەزا شاو هاتنی لەشکری هاو - پەیمانەکان بۆ ئێران و گەشانەوەی بزوتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێران،روناکبیر و تێکوشەرانی کورد کەوتنه جم و جوڵی سیاسی و دامەزرانی رێکخراوی نهێنی کۆمەلەی ژی کاف · له سەرەتاوه قازی محەمەد راستەو خۆ پێوەندی بەو رێکخراوەوه نەبوو· بەلام وەك مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرو خاوەن بیری ئازاد له روداوەکانی ئەو کات دوور نەبوو· له پاشان قازی دێته کۆڕی خەباتی سیاسی نەك هەر دەبێته ئەندامی کۆمەلەی ژی کاف، بەڵکو دەبێته دم راستی ئەو بزوتنەوەیەش که درۆشمی سەرەکی رزگاری کوردستان بوو·له ماوەی سالێك دا واته له نێوان ١٩٤٤ ـ ١٩٤٥ که قازی محەمەد دێته نێو کۆمەڵه ، بزو تنەوەی رزگاریخوازی کورد زۆر هەنگاوی گرینگ دەهاوێ بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجی نەتەوایەتی کورد· بێگومان رێبەرایەتی قازی محەمەد دەوریکی کاریگەر دەبینێ لەم بوارەدا · قازی محەمەد دنیا دیتو زاناو سەرکرده ، له روانگەی باری ناو خۆی کوردستانی ئێران و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ئێران و باری ئەو سەردەمی جیهانی ، دەگاته ئەو ئامانجه که شێوەو چۆنیەتی کاری سیاسی بگۆڕدرێ ·هەر بۆیەش پێشنیار دەکا که پارتێکی دیموکرات له سەر بناغەی پرینسیبی سینترالیزمی دیموکراتی و پرۆگرامێکی گونجاو لەگەل ئامانج و خەباتی گەلی کورد لەو قۆناخەدا دابمەزرێ · سالی ١٩٤٥ له یەکەم کونگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا قازی محەمەد به پێشەوای حیزب هەڵبژێردرا · حیزبی دیموکرات لەژێر رێبەرایەتی پێشەوا دا له پێناو چەسپاندنی مافی نەتەوایەتی کوردو ئامادەکردنی خەلکی کوردستان بۆ ئەو رۆژەی کورد خۆی مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکا ، هەنگاوی گرینگی نا ·

سالێك پێ نەچوو که حیزب وپێشەوا بریاره مێژویەکانی دامەزرانی کۆماری دیموکراتی کوردستانیان له گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد به جیهان راگەیاند قازی محەمەد به سەر کۆمار هەڵبژێردرا بەو هەنگاوه لاپەرەیەکی نوێ له مێژوی کوردستان دا کرایەوه · گەلی کورد له کوردستانی ئێران له ماوەی تەمەنی کورتی کۆماری ساوای کوردستاندا دەس کەوتی هێنده گرینگی وەدەس هێنا له بواری پێشکەو- تنی کومەلایەتی و کولتورو ئەدەب و زمان و پەروەردەدا که ناتوانرێ بەراورد بکرێ، نه لەگەل چل سال بەر لەدامەز - رانی کۆماری دیموکرات و نه دوای چل سال له روخانی ئەم کۆمارەدا ·

بێگومان دەس کەوتەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد له سالانی ١٩٤٥ ـ ١٩٤٧ راستەوخۆ پێوەندی هەیه به رۆڵی قازی محەمەدو رێبەرایە- تی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان · هەروەها خۆڕانەگرتنی کۆمارو شکست هێنانی بزوتنەوەی کوردی هۆی دەرەکی و ناوخۆی هەیه که سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات و پێشەوا قازیش لێ بێ بەش نین ·

دوای پەلاماری سوپای ئێران بۆ سەر کوردستان و گیرانی پێشەواو کاربەدەستەکانی کۆمار ، قازی محەمەد له دادگای نیزامی دا مەردانه راوەستا دیفاعی له کۆمار کردو خۆی به مەسئولی یەکەم دانا له روداوەکانی زەمانی کۆماری کوردستان و باشیشی دەزانی که دوژمن قازی محەمەد موحاکەمه ناکا بەڵکو جولانەوەی پێشکەوتنخوازی گەلی کوردو ئاواتی زەحمەتکیشانی کورد موحاکەمه دەکات·

هەلوێستی ئازایانەو هەستی بەرپرسیاری پێشەوای ناردە بەر سێداره و بەم جوره بۆ گەلی کورد دەرکەوت که :

**" داری ئازادی به خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ "·**

بەلێ خوێنی قازی محەمەدو هەواله - کانی خوێنی شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان، هان دەری خەبات و تێکوشانی ئەورۆی گەلەکەمانه·

به بۆنەی چل سالەی شەهید بوونی پێشەوا قازی محەمەد لەگەل" بلە " دەلێن :

**کەرچی شیوەنه شینی پێشەوا**
**گریان نەنگیه له شینی ئەوا**
**بێخی ناکوکی و نیفاق هەڵکەندن**
**رێگاو شوێن دانان بۆتۆڵەسەندن**
**یەك گرتن جەنگین نەبەرد تا مردن**
**هەول و تەقه لای گەل ئازادکردن**
**گیانی بلێندی سەرۆك ئەکەن شاد**
**ئەیگەیننه بەهەشتی مراد**

* * *


کتێبی سەر دەمی نوێ

**"یادی هێمن" نووسینی :**
**کەریمی حسامی**

**کتێبیکه به بۆنەی تێ پەر بوونی سالێك به سەر کۆچی دوایی شاعیری ناوداری کورد ماموستا هێمنه وه نووسراوه · ویستیارانی "یادی‌هێمن ده توانن له رێگای "سەر دەمی‌نوێ" وه ئەم کتێبه شیرین و به نرخه وه دەست بێنن·**

# کوردستان له چاپه مه نیه کاندا

بلاو کەرەوەی "کار" ئورگانی کومیتەی ناوەندی رێکخراوی فیداییانی خەلکی ئیران (ئەکسەریەت) له ژماره یه کی رێبەندانی خۆیدا ، وتارێکی به ناو ونیشانی "ئاواتی جولانه وەی ۲۶ی رێ بەندان ئه به دیه" بلاو کردۆته وە، کەوا ئێمه کورتەی ئەو وتاره ده خەینه به ر چاوی خوێنه رانی به رێزه وه ٠

(( کار " ده نووسێ : " چل و یه ك سال له دووی رێبەندان که له رێبازی مێژووی سه ر ده می گه لی کوردی خه بات کاردا ٬سه رجه می وه رسوورانێکی گەورە یه ، راده برێ٠

جولانەوەی دووی رێبەندان له ژێر رێبه رایه تی میللی - دیموکراتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، به رێبەرایه تی قازی محمد سەرکه وت ٠ له پێوه ند پتەو له گەڵ خەباتی دژی ئیمپریالیستی و خه باتی دیموکراتی و داد پەروه رانه ی سەرانسەری دا چوه پێش و له یه کێتی له گەڵ به رەی جیهانی دیموکراسی و پێشکه وتن و سوسیالیزم دا ، پشکوت و گه شه ی کرد٠ به جۆرێك که دەسکەوته به نرخه کانی ، تەنیا له ماوەی ۱۱ مانگ ده سه لاتی نه تەوایه تی دا ،بۆ جولانه وەی دوا رۆژی گه لی کورد بوو به پشتیوانیکی به هێز و سوننه تیکی به نرخ ٠

ده سه لاتی میللی گه لی کورد هه ر له سەره تاوه که وته بەر په لاماری پیلانه کانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و ئەمریکا و کۆنه په رستی ناوچه و ئاخرەکه شی له گەڵ په لاماری درندانەو فیلاوی به رەی کۆنه پەرستی روو به روو بوو٠ دوای ئەو په لاماره گه لی کورد له دەسکه وتەکانی بێ بەش مایەوە و رێبەری هه لکەوتووی کورد شه هید قازی محمد له گەڵ هێندیکی تر له رێبەرانی جولانه وه ئیعدام کران ٠ هه زاران کەس له رۆله کانی گه لی کورد گیران و دوور خرانه وه ٠ به لام ئەم جنایه ت و سەر کوت کردنه ، نه یتوانی له گرنگی مێژوویي جولانەوەی دووی رێ بەندان کەم کاتەوه٠ نه یتوانی بیره وەری دەرسه گرنگەکانی له مێشك و دڵی کۆمه ڵانی خەڵکی کورد بسرێته وه ٠

شورشی رێ بەندانی ئیران که گەلی کوردله ویدا نه خشیکی تیکۆشەرانەی نواند، دەرەتانیکی له باری بۆ خه لکی کوردستان پیك هێنا ، تا له پێناوی به جێ گه یاندنی ئامانج و ئاواته کانی جولانه وەی دووی رێ بەندان‌دا خەباتی خۆی پەره پێ بدات ٠

جولانەوەی نه ته وایه تی گەلی‌کورد تووشی سەر کوتکردنی شێتانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو٠ ئەو شەرەی رێژیمی خومه ینی به سەر گه لی کوردیدا سه پاندوه تا ئێستا بۆته هۆی کوشتاری ۳۰ هه زار که س له خه ڵکی بێ دیفاعی کوردستانو ئەوەندەش لاوانی غەیره کورد که به زۆری سەر نێزه بۆ مه یدانی شەریان راداون ٠ ئێستا له چل و یه ك سالی جولانەوەی حه ماسی دووی رێبەندان دا ، پێویسته بیر له وه بکرێته وه که ئێستاله کوردستان ج راده برێ؟ نێوه رۆکی رووداو وکارەساتەکان بدۆزرێتەوه و نه تیجه یان لێ وەر بگیرێ٠

رێژیمی شه رانی خومه ینی ماوەییکه له هه وڵ و ته قه لادایه ،تا لەگه ڵ به شێکی زۆری هێزه نیشتمانیه‌کانی کوردی عیراق پێوه ند دابمه زرێنێ و ئەو هێزانه به رێته نێو دار و ده ستەی ئاخوند حه کیمی کۆنه پەرست٠ رێژیمی ئیران ده یه وێ به که لك وەرگرتن له فشار و زه ختی دوو رێژیمی سەرکوت که ری عیراق و تورکیا بۆ سەر کوردەکان ئامانجه کۆنه په رستیه کانی خۆی به جێ بگه یێنێ٠

مه به ست و ئامانجی سیاسه تی تازەی رێژیمی ئیران ئەم خالانەی ژێرون

۱ - تێکدانی به رەی نیشتمانی دیموکراتی عیراق بۆ تاق خستنه وەی حیزبی کومونیستی عیراق که له دامه زراندن و پاراستن و پتەو کردنی ئەو بەره یه شۆرشگێرو دیموکراتەدادژی رێژیمی دیکتاتوری سەددام حوسین نه خشی گرنگ و لێ براوی هه بوه ٠

۲ - هێندی له هێزەکانی جولانەوەی نیشتمانی کوردستانی عیراق بکا به داردەستی سیا سه تی سه زنیخوازانەو کۆنه په رستی خۆی له عیراق دا ٠

۳ - به هێز کردنی جه رەیانی کۆنه په رستی " مه جلیسی بەرزی انقلابی ئیسلامی عیراق" ، وه سه پاندنی رێبه رایه تی ئاخونده ده ستنێژەکانی خۆی به سەر هێندی له هێزه کانی ئوپوزیسیونی دیموکراتی له عیراق دا ٠

۴ که لك وەرگرتن له هێندی هێزی کوردی عیراق دژی جولانه وەی نیشتمانی کوردستانی ئیران و ساز کردنی دووبەرەکی و پێك هه ڵپرژان له نێوان هێزه دیموکراتیه کانی ئه م دوو ولاته دا ٠

وادەر دەکه وێ که رێژیمی‌خومه ینی به سەر کەوتنی سیاسەتی تازەی خۆی هیواداره ٠ پێك هێنانی کونفرانسی "هاوکاری میللەتی عیراق" له تاران، که له بریارنامەی کۆتاییدا ، ته نانەت تاقه وشه یه کیش له بارەی " خود موختار ی کوردستانی عیراق" نا بینرێو باسی نه کراوه ، پێك هه ڵپرژانی خوێناوی هێزه کانی یه کیتی نیشتمانی و رێکخراوی موجاهیدین له ناوچه سنوورییه کانی خاکی عیراق، هه موویان بردنه پێشی سیاسەتی ئەو رێژیمه نیشان دەدەن

رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران که له "کورد کوشتن" دا گرەوی له هه موو دوژمنانی گه لی کورد بردۆ ته وه، قەت ناتوانێ لەم دیوەی سنوور دوژمنی گه لی کورد بێت، به لام لەو دیوی سنوور دۆست و پشتیوانی کورد بێ٠ ئەو رێژیمه له ئیران و له عیراق دوژمنی گەلی کورده

رێژیمی سه ددامیش هه وڵ ده دا و پێشتریش لەم هه وڵه دا بوه تا به کەلك وه رگرتن له فشاری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هێزه نیشتمانیه کانی کوردستانی ئیران، هه ر ئەو سیاسەته له ئاست هێزه کوردەکانی ئیران و هێندی له رێکخراوه دێموکراتیەکانی ئیران به رێوه بەرێت٠

ئێستا ئه گەر وەزع به که یفی ئەم دوو رێژیمه کۆنه په رسته هه ر ئاوابروات پێش، ده بێ بلێین که جولانەوەی میللی کورد لەم دوو ولاته دا تووشی ج کارەساتێك ده بێ٠ لەم هەل و مه رج و چاره نووس سازه دایه که پێویسته گرنگی برانه وەی شەر و ته ئسیری وێرانکه ری ئەو له سەر چاره نووسی دوا رۆژ جولانه وەی میللی کوردستانی ئیرانباش تێ بگه ین ٠ پێویسته جولانه وەی نه ته وایه تی کورد له هەر تك‌وڵات له کەڵ خه باتی گه لانی ئیران و عیراق - بۆ دامه زرانی ئاشتی لێك گرێ بدەین٠ هه موو هێزیك بۆ پیکهێنانی به ره ی یه کگرتووی هێزه دیموکرات وشورشگیر و پێشکه وتوو خوازه کانی ولات به کار به رین ٠ دابین کردن و پەره پێدانی یه کێتی خه باتکارانەی هێزه کانی جولانه وه ی میللیگه لی کورد و هێزەدیموکراته کانی ولات، له پووچ کرد نه وەی پیلانی سێ رێژیمی سەرکوتکەری ئیران و تورکیا و عیراق دژی جولانه وەی میللی کورد ، نه خشی بەر چاو یاری دەکات ٠

بۆ کۆتاییپێ هێنانی بێ قه یدو شەرتی شەری نێوان حیزبی دیموکراتو کۆمه له، که تا ئێستا بۆ رێژیم قازانج و سوودی زۆری هه بوه، وه بۆ چاره سەر کردنی ناکۆکی نێوان هێزه سیاسیه کان له رێگای وتوو وێژه وه، پێویسته ئه وپەری کۆشش و پلوپا بکري٠

دابین کردن و پتەو کردنی هاوکاری هێزه کانی جولانه وەی نه ته وایه تی و پێوه ندی ئەو له گەڵ جولانه وەی نەته وایه تی گه لانی تورکه مه ن و بەلوج و عه ره ب جولانه وەی دیموکراتی به هێز ده کات ٠ **" وادیاره له ئیران‌دا نه خه لکێکی ئازەری و نه جولانه وه یەکی نه ته وایه تی ئازربایجانی هه یه، بۆیه باسی نه کراوه ٠ وەرگیر "٠**

پێویسته به هه موو تواناوه بۆ دابین کردنی هاو پێوەندی و هاو کاری له نێوان هێزه دیموکرات و شورشگیرانی هەر تك ولات، به تایبه ت حیزب و رێکخراوه خه باتگیرەکانی کورد له هه ر تك ولات دا تێ بکۆشین ٠

رێکخراوی ئێمه له تەواوی هاو ولاتیانی ئازاد و ئاشتیخواز داوا ده کات له خه باتی رەوای گه لی کورد **"دیموکراسی بۆ ئیران و خود موختاری بۆ کوردستان "** به لێ براوی پشتیوانی بکه ن٠ راز و رەمزی سەرکه وتنی تەواری گه لانی ولات به سه ر رێژیمی کۆنه په رست و جه بباری خو مه ینی دا ، یه ککرتن و رێك کوشینی دەستی دۆستایه تی یه کتره ٠ له چل و یەك ساله ی دووی رێ بەندان دا ، با دەست بدەینه ده ستی یه کترو به دەرس وەرگرتن له ئه زموونه کانی جولانه وەی دووی رێ به ندان و کەلك وەرگرتن له تاقیکردنه وەی به نرخی چل ویەك سال خه بات دژی ئیمپریالیزم و کۆنه پەرستی جولانه وەی نه ته وایه تی گه لی کورد سەرکه وتوانه به ره و پێش به رین ٠

★★★★

رۆژنامەی**"ئێگین"** چاپی ئه سپانیا له یه کێك له ژمارەکانی خۆیدا له سه ر خه باتی کورده کانی تورکیا و بۆمباراني پەنا گاکانی ئەوان له خاکی عیراق دا مه تله بیکی بلاو کردۆته وه ، هەرچه ند باسه که پێوه ندی به بۆمبارانی مانگی ئابی سالی رابردووه هه یه،به لام سه بارەت به بۆمبارانی تازەی کوردستان له لایەن رێژیمی فاشیستی تورکیاوه، ئێمه ده قی وتاره که بلاو ده کەینه وه ٠ له وتاره که دا گوتراوه :

" ٠٠٠ هێزی هه وایي تورکیا له چوار چێوەی په یمانێکی تورکیا عیراق ( ئیمزا کراوی سالی ١٩٨٤ ) هێرشی برده سەر سه ر به خۆيي خوازەکانی‌کورد له خاکی عیراقدا٠ ئەو په یمانه ماف دەدا به هێزه نیزامیه کانی هه ر دوو ولاتی تورکیا و عیراق که له کاتی پێویست بۆ راو نانی کوردەکان، بچنه خاکی یه کتره وه٠ ئەو په یمانه له کاتی خۆی دازۆر به گرنگی له لایەن وه زیری کارو باری دەرەوەی تورکیا راگەیەنرا ٠ ئەو هێرشه له رێگەی زەوی و هەواییەوه

بۆ لاپه ره ی ۷

168



# کونگرەی ٧ فیبراسۆن

کونگرەی ٧ی فیدراسیونی کۆمه له کانی کوردستان له سوید له رۆژانی ١٤ و ١٥ ی فیوریەی ١٩٨٧ کونگرەی حه وتی فیدراسیۆنی کۆمەلەکانی کوردستان له سوید له ژێر دروشمی " ئێمه پیکه وه به هێز ترین - ئه م به هه ڤ را خورد ترین " به سترا .

جگه له نوێنەرانی کونگره ژمارەیەکی زۆریش میوان به شداریان کرد بوو . له وانه گورگ ئەندرسون وەزیری کارو باری بیگانان له سوید، سەروکی دەزگای په نا هەندان ، نوێنەری ئەو پارتانه که له پارلمانی سوید دا به شدارن.

له لایه ن کومەل و ریکخراوه کوردیه کانه وه له سوید و له ئوروپا ، هه روەها له لایه ن حیزبه سیاسیه کانی کوردستانه وه گه لێك بروسکه و نامەی پیرۆز بایی بۆ کونگره هاتبوون .

کونگره به وتاری کاك حه نه فی جەلبلی سەروکی فیدراسیون و به وەستانی دەقیقه یەك بۆ گیانی شه هیدانی کوردستان کرایه وه . پاشان سرودی ئەی رەقیب له لایەن دەستەیەك لاوی کورد پێش کێش کرا .

پاش وتاری سەروکی فیدراسیون ، وەزیری کارو باری بیگانان و نوێنەرانی پارته کانی سوید وتاریان دا و پشتیوانی خویان له خه باتی رەوای کورد راگەیاند.

کونگره ماوەی دوو روژ به شێوه یه کی برایانه و دیموکراتیانه له سەر وتاری سەروکی فیدراسیون و کار و باری فیدراسیون و کومه لەکان وتوو ویژی کرد. نوێنەرانی کونگره گه لێك پێشنیاری به که لکیان بۆ باشتر کردنی کارو باری فیدراسیون و پێ راگه یشتنی وه زعی کورده کان له سوید و پشتیوانی له خەباتی گه لی کورد له کوردستان پێشکێشی کونگره کرد و وه ك بریار له لایه ن کونگرەوه په سند کران . کونگره له روژی ١٥ی مانگدا رێبەرایەتی فیدراسیونی وه ك : کومیتەی گشتی و کومیتەی کارگیری و کومیتەی چاو دێری هه لبژارد و به سرودی ئەی ره قیب کاری خۆی کۆتایی پێ هێنا .

سەر ده می نوێ سەر که وتنی کار و باری فیدراسیون به ئاوات ده خوازێ.

### جه ژنی نه ورۆز

به سوورێکی تر ئه ستێرەی ئینسان گر
قەومی کۆنی خسته وه جه ژنی ئاگر ،
کام قه ومی کۆن، کام جه ژنی بەرز و پیرۆز ؟
قه ومی مادی، جه ژنی بلێندی نه ورۆز
ئەو نەورۆزەی که هەزاران به هاره،
له دێی کوردا گڕی ئاگری دیاره ،
باوباپیرمان، هه تا ئەرۆن پشتاو پشت،
لەم ئاگرەیان دەورەداوه ، چین چین، گشت
له چوار دەوری ئەم ئاگره :ڕەنگاوڕەنگ
کوڕ گیراوه، به پێکه نین و ئاهه نگ،
بانگی شێوان هەتاکو بەر بەیانی ،
چۆپی بووه و بەزم و نۆش و گۆرانی
لەو سایەوه، تا ئێستاکه بەم چه شنه :
هه موو سەری سالی تازەمان جه ژنه ،
میوانی کۆن بەرێ ئەکەین و تازه ،
به پێکه نین ئەگاته بەر دەروازه
خۆشیت هێناو ، فەڕت هێناو ، شیرینی
تۆ بۆ ئێمه به هه شتی خەو بینینی
به هاتنت بای به سته لەك، به فری ده شت ،
گیانی سپارد ، گولی ڕو. جیگای گه شت
له تاریکی له چوار دیواری زستان،
سەر فەراز بێت، سەر فەراز بوو مەلی گیان
ئێستا ئۆخەی، ئاسمانیکەو هه تاوێ،
گیایەو، گولەو ، مه لەو، خوڕەی چه ماوێ
چی خۆشتره لەوەی ته بیعەت جوان بێ،
ماوەی سرنج پانایي گشت ئاسمان بێ
گیانی سەر مه ست، بالداری رێي هیوا بڕ
به رز بێتەوه به په لەی هه ور بدا دڕ
بفڕێ، بڕوا بۆ کوردستانی ئاوات،
ماندوو نه بێ،هەر بڕوات و هەر بڕوات
هه تا ئەگاته لوتکەی شاخی سەر بەست،
بێ زنجیری گەل ئه بینێ و ئه بێ مه ست..

گۆران

# خامەلەخزمەتی کێ؟

**برایه کی به ڕێز کاك" هوشیار " ئەم نووسراوەی بۆ ناردووین، له گەلّ سوپاس بۆ هاوکاری ، ئەوا لێره دا بلاوی ده که ینه وه .**

" خامه ( قه لەم ) رۆلیکی گرنگی له گۆڕان و گەشه کردنی بیری زانستی و ئه دەبیدا گێراوه و چرای روشنکەرەوه ی کاروانی بۆ پێشەوه چوون بوه. بۆیه پایه یه کی بلّند و نرخیکی زۆری هه یه لای مرۆڤ، هەر وه ها ئه رکی گه ورەیشی له ئه ستۆ دایه سه باره ت به ئاراسته کردن وگۆش کردن و کار کرد نه سەر هه ست و بیر و هۆش.

خامه ئەمرازی نووسینه ، نه ئه توانێ بدوێ و نه ئه شتوانێ تێ بگات،له بەر ئەوه هه میشه دەستکه لاو کۆیله و هوگری دەستی خاوەنەکه یه تی. که وابوو هێلانەی هه موو ده ر برینێك،هەمو دارشتن و نووسینێك له پێشانا هه ست و ده روونی خاوەن خامه خۆیه تی وله وێوه دەست پێ ئەکات و پەنگ ئەخواتەوه ئەو جار له رێگەی خامه وه ئه که وێته سەر لاپه ره و تیشك ئه داته وه .

خاوه ن خامه بەر پر . سیاره له نوو-سین و دەر برینه کانی له کایه جۆر به جۆره کانی ژیاندا ،له بیر کردنه وه و بۆ چوون و به رژه وه ندی چینایه تی خۆی سنوور بۆ هه موو ئه وانه دائه نێ،به چه پ و به راست دا خامه ئه هێنێ و ئه بات له پێناوی ئامانجێکی تایبه تی که له وانه یه خزمه تی مه سه له یه کی گرنگی زانستی، سیاسی، ئابووری،ئەده بی یا کۆمه لایه تی پێ بکات. یا خود به پێچه وانه ی ئه مه وه ئه شێ خاوه ن خامه له جیگه یه کی تردا خۆی ببینێته وه و دژی ئەو مه به ست و ئامانجانه خامه بخاته گه ڕوبنووسێ که به لای خۆیه وه سه ر که وتنیکی یه جگار گەورەیه و که سیکیش نیه شان بدات له شانی هه لسه نگاندنی دوو کاری دژواری وه کوو ئه مه، وه یاخود به شێوه یه کی تر ، بریار دان له سەر دوو به رهه می جیاوازی دژ به یه ك(چاك و خه راپ)که یه کیکیان په نجه راکێشانه بۆراستی یه کان و مه سه له یه کی پیرۆز- ئه پێکێ و ئه وی تریشیان ته واو پێچه وانه ی ئه مه یه. ته نیا له رێگەی پێوانەی زانستی یه وه ئه بێت که ئه-نجامی هه ولدان و تا قیکردنه وه جۆر به جۆرەکانی مرۆڤه. چونکه پێوانه ی

زانستی ماکی کۆمه لانی خه لکی پێوه یه و له وانه وه رگیراوه و بۆ ئه وانیش ئه گه رێته وه بۆیه هه ر ئه وان سەر چاوەی روناك و به هیزی بریار دان . که وابوو به رهه م و نوو-سینی چاك کامانه ن ؟

لەم پرسیاره دا ئه گەر رووی دەم له روشنبیر و نووسەری کورد بێ، که ئەوانیش خاوه ن خامه ن، ئه بێ بلێین هەمو ئەوانەی خزمه تی میللەت ئەکه ن له کایه جۆر به جۆرەکانی ژیانا و له سه نگه ری ئەواندا خۆیش ئه بیننه وه ، واته قالّ بوون و خۆ تواندنه وه له ژان و ئێش وماندوو بوون و برسێتی وتینوێتی ئەواندا ، خۆ به ستنه وه به کاری رۆژانه یانه وه و به خۆشی‌یه کانیان و به ناخۆ-شی یه کانیان، به سەر کاوتنه کانیان به نوح دان و ژێر که وتنه کانیان، به واته یه کی تر مل که چ کردن بۆ خواست و ئارەزووی گەل و هه لبژاردنی ئه م رێبازه به فه لسه فه ی بیر کردنه وه و نووسین، هه ر وه ها هه لبژاردنی بیری زانستی شورشگیریش به سەر چاوه ی بۆ چوون و بیر کردنه وه که له خزمەتی ته واوی گه ل دایه .

جاری واهه یه ده رچوون له م رێبازه و دژایه تی کردنی ح به ناوه وەی ولات و ح له دەره وه کاریکی زۆر ئاسایی یه لای دوژمنانی که چه ندین جاریش خۆ-یان رەنگ ئه که ن، هه ر جاره به ناو-یکه وه، له هه موو جاریکیشدا له روانگه یه کی تایبه تیه وه سه یری مه-سه له کان ئه که ن و هه ر جارەیش بۆ . قازانج و دەسکه وتیکی تایبه تی، ئه وا نه به ناوی جۆر به جۆره وه خامه کانیان ئه خه نه گه رو ناوی خزمه تکردنی گه ل و نیشتمانی پێوه ئه لکێنن که که له راستی دا خۆ پێشکێش کردنه له سه ر شانۆی سەودا کاری جۆر به جۆر به نرخیکی هه رزان، ئەوانه له بەر ئەوەی له ئاوێنه دا ته نیا خۆیان ئه بینن ئیتر وا ئه زانن له بەر چاوی خه لکی ونو نا بینرێن . ئەم جورانه بیانه وێ و نه-

بۆ ل ٩

# SILAV LI NEZAN

Govara HEVI, belavoka Enstîtuya Kurdî li Parîs,di jimara 5-1986'an de li jêr navê "Hêmin jî mir" gotarek bi pênivîsa (qelema) Joyce Blau belav kir. Di dumahiya gotarê, rûpelê 24'an de nivîsiye: "Ev gotara Joyce Blau, mamosteya zimanê kurdî li Zanîngeha Parîsê ji bo govara Hêvî bi zimanê frensî nivîsiye û hevkarên govarê ew wergerandine kurmancî."

Seyre!.. Çima mamosteya zimanê kurdî li Parîsê bi zimanê frensî nivîsiye, bo çi yekser bi zimanê kurdî ne dinivîsî?

Dê her çawa bit, dest xweş bin. Hercend gotara Joyce Blau her pêşekiya tarîx û rona ku ya Hêmin nivîsî û xudana gotarî tibla xwe ji bo hinde nekêsaye. Lê her bas e ku mamosteyeke kurdî li zanîngeha Parîse li ser hozanvanekî kurd binivîse û nivîsara wê bi kurmancî di govara Enstîtuya Kurdî de belav bibît. Spas bo mamostay, cen hizr û ne diristiyêt neşarazeyî ye, ketin ber çavêt min, ku divêt di ser de derbas nebim:

Diyare nivîskarî ne viya ye, bi helkefta mirina hozanvanî, behsê wê û hozanêt wî bikêt, yan behsê jîna wî ya siyasî biket û li berik hember bikêt?

Bi hizra min, nivîsevan di herdu lade, ne bi tenê xelet e, belkî neheqî kiriye, di derheqa hozanvanekî navdarê kurdan de.

Em li vir neşarezayiya Joyce Blau têxine ber çavan:

1- Mamosta dinivîse: "Hêminî Şanoya 'Daykî Niştiman' nivîsiye." Hêvî L 22

Lê Hêmin ew şano ne nivîsiye u yarî jî têda ne kiriye. Di pêşekiya tarîx û ron da jî Hêmin bi xwe behsê hindê nakêt.

2- Mamosta Joyce Blau dinivîse: "Piştî têkçûna Komara Mehabad, ku Hêmin ji Iraqê dizivirît, diçît gundê Şilanawê û digel Partiya Tudehê peywendî diket û hozan Dostaniya gelên Iranê destrê -Kurd û Azerbêcan- rexne li axa û began digirît."

Dîsa eve jî rast nîne. Hêmin li Tewrêzê hozana kurd û ecem gotiye. Hozana rexne li axa û began (ez dibêjim û bêminet im) ku di serdema komela (j-k) de gotiye têkelî bi zivirîna Hêmin bo Şilavawê ve nîne. Ji bilî vê jî Hêmin çi peywendî di gel hizba Tudehê ne bû.

3- Paşê nivisevan bi lez di dubarekirina pêşekiya tarîx û ron de tête ser jîna siyasiya Hêmin ya di salên 1979-1980 de û dinivîse: "Hêmin di gel gurûba Heft Neferî, Xenî Bilûriyan û Mihemed Rehîmî Qazî, li dijî hêza otonomî derdikevit. Paşê dikevite hizirkirinê ku bijartineke sîyasiya xirab kiriye... Dostên wî yên di nav Hizba Demokrat de gazî wî diken û jê re dibêjin ku eger ew vegerit dê gelek kêfxweş bin "

Em hind naçine nav, ka çawa Hêmin li dijî hêza otonomî derket û ka dostêt wî çend gazî wî kirine ku ew vegerit. Dibit mamoste Joyce Blau bêtir agahdarî serûberê Kurdistanê û aloziya di nav Hizba Demokrat de bit. Lê em dixwazin çend pirsiyaran ji mamoasteya zimanê kurdî bi zanîngeha Parîsi bikeyn:

1- Hêmin şairî gelêriye kurdî, dibe ku bi caşetî bi nav biken?

2- Erê gelo ma Hêmin li diji kurdan û Hizba Demokrat çek hilgirti bû, da ku bijinê caş? Caş ew in ku li dijî milet çeki hildigirin û şerî diken. Erê ma Hêmin weha kiriye?

3- Erê şaîreki wek Hemin ku kongra Hizbê navê şaîrî milî lê nav kirî, çend kesan heq hebû bijênê caş?

Ma heke mamoste Joyce Blau bersiva van pirsiyaran nedit û nebêjit: Hevalên wî yên di nava Hizba Demokrat de bi hêcetêt derew şaîrên miliyê kurd digirin û radipêçin û zîndan dikeyn. Pâşê divar dibit ku berpirsêt deverê derew kirin, ji nû ve bi sehmezarî berdidin. Ma eger mamosta dixwazit bahsî jiyana siyasiya Hêmin biket û hilbijartina siyasiya xirab bîne biranin wusa bas e binivisit:

"Şaîrê milî, şaîrê navdarê kurd li gundê Şîlanawê li mala wî dêxine bin çavdêriyê, hatin û çun û seredana dost û hevalêt wî jê qedexe diken."

Bila nivisiba: Dema hevaleki Hemin, evîndarê şiîr û pexşana Hêmin ji layê din yên Kurdistanê, bi neşarezayî u li jer top û bomba û şerî de hatî bo seredana Hêmin. Pêşmergêt Hizba Demokrat bi fermana Hesenê·Şerefî berbirsê teşkîlata Mehabatê hingê û nuka berdestê deftera siyasî, wan birayên nivîsevan û kurd ji mala Hêmin hanî der, da ber xwe bo gundê Qolgetepe baregehê teşgîlata hingê.

Paşê zanî ku wan karekî zor ne ji hejî kir û ew kurd bo çi ne hati bû ji bilî dîtin û seredana Hêmin hanîn ji nu ve berdan.

Eger her mamosteya Joyce Blau behsa hilbijartina xirab ya Hêmin kir, diviya (gereke) behsa vê pêşveçûnê kiriba, ya ku ji bo termî Hêmin kirî, demê hanîna Mehabad. Bila behsê hindê kiriba ku ji seranserê Kurdistanê ji bajarê Kîrmanşanê, Sinê, Seqizê, Bokanê, Mehabadê, Wormê, Taranê, meclîsa li fethê bo danan. Ew beşdariya xelkê li şînya Hêmin kirî, bersiveke dijwar bû ji bo wan kesên ku Hêmin bi caşatî nav kirine. Çûnkî gelê Kurd naçite pêşiya termê caşekî û beşdarê şînya wî nabit.

Mamosteya zimanê kurdî li zanîngeha Parîsê viya nenivisîne û xwe lê ne haydaye.

Kurd dibêjin: Silav li nezana.

**NEWROZA WE PÎROZ BE**

û sirê ye û dema vejîna giya, kulîlk û mêrg û baxa ne.

Di Newrozê de dar dibişkivin. Deşt, çiya û zêvî kiraset kesk diken ber xwe, Kurdîstan renge beheştê digrît. Lewma Bêkes dibêjit:

**"Were Kurdistanê ezîz ger te seyran divên**
**Dê te bêm Qendîlî ger te kulîlkêt zozana divên"**

Ev sale jî bi hezara dayk û babet dil sutî xuşk û birayêt pişt şikestî dost û dezgirê bê hêvî, hezaran zarvên bê bab, di xem keser û xwezyêt xeşya da, bi cilêt reş dê bîra newrozêt bûrî ken û çaverêya sala nû ken.

Ev sale jî bi hezara lawên kurd di zindanêt dagirkerêt Kurdistanê de jî agir û rohniya newrozê be bahrin.

Lê li ser çayayêt bilindît Kurdistanê ji pêşmergen qehreman dê agirê newroze ken û bi dengê tivengên xwe mizginiya hatina Nezrozê bînin.

Herwesa bi hezaran kurdên derbider û ji welêt dûr, kukar û di zaka xebatê de Newrozê nûken û dengê xwe dene digel dengê xebatêt welatî.

Dema van rêzan dinivîsim, bîra zor tişta dikem; bîra pêşmergey, bîra li harikarî û xwe ragirya gundî û rêncberê kurd, bîra xebata pirî xwîna milletê me û hizr û bîrêt hizbêt siyasî û ew kovanêt heta nuka bi serê me hatin, ders jê nahatin wergirtin!

Bîra hindî dikem ku çewa li salên tenahî de milletê me li kîjan seyrangehê de kom bin û ewê qiz, law û zarowêt me dê şên wek salêt aştî û tenahiyê, li bin top û teyara şahyê biken? Bîra wan xebera dikem ku nika gehiştin û dibêjin; bajarên Helmet û Qurbanî ji ber topbarana leşkerê îslamî û bajarê Qazî Mehemed ji ber bombe barankirina firokêt parêzerê Evebatyê û herdû la dostêt rêberet kurdane, wêran bûn! Bîra hinde û gelek tiştên dî dekem, ku fere bêne gotin û nivîsin Hoye cej-

XWEDI:
Dr. Cemşîd Heyderî;
BERPIRSYAR& REDAKTOR:

Kerîm Hussamî;

# Serdema Nû

JI ALÎ DESTEYA NIVÎSKARAN VE TÊT BELAVKIRIN

P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN

Postgiro: 420 4506 - 2

SAL 2 HEJMAR 14 ADAR 1978

## BÎRANÎNA PÊŞEWA

Di ferhenga dîroka xebata dawî ya Kurdistanê de, du peyvén komar û pêşewa, ji hev cuda nabin. Çunkî bo cara yekê, netewa kurd dewleta xwe ya repûblik(komar) danî. Dema dibên komar, ew ji Komara Demokratik a Kurdistana dibên, ku rûpelek pir bi xwîn ji xebata gelê kurd, ya têda tomar kirî û ew cara yekê bû ku, serketinek wesa bi dest anî. Bi danîna Komara Kurdistanê qunaxek nû li diroka gelê kurd dest pêkir.

Di nav civata jar û tepeser de, cotyar û karkêra, şagirt û ronakbira, jin û mêr û li her çar perçên Kurdistana bindest de,dema dibên 'pêşewa," Qazî Mehemed têt bercav, pêşewayê Partîya Demokrata Kurdîstan û serokê Komara Demokrata Kurdistan û qehremanê rêya azadi û bextiyariya kurdan têtê berçav.

Roja 30'e adara 1987-an çil sal bi ser wê rojê de derbas bûn, hekû di sibêya roja 30'ê adara 1947'an de û di niva zakê meydana çarçira de, Qazî Mehemed û hevalêt wî têde şehîd kirin.

Ji bo vê rojê hozanvanê mezinê kurd Hêmin dibêjid:


'Le çwar ciray Mehabad
Le Kangay birî azad
Destî reşî istibdad
Ceqandi darî bêdad

Le cengey şîrîn xewa
Le Kati niwê şewa
Kira kari narewa
Le dar dira pêşewa

Di cil salêt bûri de, çi eşkera, çi nepenî, çi li bajara, yan li gunda, li ser çiyayêt bilindêt Kurdistanê, yan ji di nav rojêt teng û tariyet zindana de, xebatkêr û welatperwerêt pêşketîxwazêt Kurdistanê bi ser bilindi bîra vê rojê diken û ji xwe re diken nîşana xweguri kirin û xebate ji bo bidestanina wan xweziyet ku şehidêt rêya rizgariya Kurdistanê xwe ji bo guri kirin. Sozê nu diken û evan peyvêt pêşeway dibêjin:

"Netewa kurd di çi demeki de ji bo azadiya xwe, çek nedanaye."

Di rûpelen dîroka pir xwîna wan çil salêtge lê kurd de, nîşana dîrokê û rastgotin û hizra rasta pêşewayê nemire.



Bi jiyan û xebata pêşeway nîşandane ji bo jiyana caméri zanîn, pêvehatin, mirov dosti û xwe guri kirin di rêya gelê kurd û Kurdistaneka serbixwe de û nişankirina dost û dijminêt tevgera azadixwaza gelê kurd de di helwiste meydana yê Qazî Mehemed de dikevit ku heta behna (nefesa) dawî ew jê re wefadar bû.

Qazî Mehemed kurê Qazî Eli, sala 9191 li bajarê Mehebadê, ji maleka Olparêza navdara kurd ji diya xwe bû. Zanîna oletî (dini), felsefa kevin, tûre (edebê) farisî û erebî li cem bavê xwe û zanayêt Mehebad fêr(hin) bûye.

Hêj nivemêr bû heku bizana û mamosta navdar bû û di nav civatê de hêja û qedirgirtî bû.

Her di jîyê şanzdeh saliya xwe de, hizra rizgarî u welatperweriyê ew palda ku têkeliyê digel civanêt nepeniyêt leşkerî rûsî bikêt ku wi demi li Iranê bû. Her hingê dibite nunerê devera Mehabadê û bizavê diket ji bo hişyarkirina xelkê û belav kir dina hizra azadiyê di nav wan de. Weki ro-

R 2

## NEWRUZE WE PÎROZ BE

Ev e, newrozeke dî bi ser bindestî û koledarya milletê me de derbas dibe. Tevgera rizgarîxwaza gelê me, saleke di jî dijwarî û nexweşye burand, ku bêguman bi jiyaneke germ û mukumtir berbi xebateke baştir dê pengavê havêt ji bo azadî û rizgariyê.

Tîtal û cihê her neteweki di vê cîhanê de, felsefa xwe taybetî heye, ew jî serhatiya Kawayê asingere bi seririna Ejdehak çêbûye.

Ji kevin de kurdan, wekî hemîgelên malbata Îranî,Newroz bi cejna xwe zanî.Lê Newroz li cem kurdan cejna axa û begleran nebûye.Newroz cejna nemana kevneperestî û serhildana nûyatiyê ye, werzê jîn û geşbûnê ye, werzê livin, bizav û xebatêye.Newroz werzê nemana serma, befr

R 3

## KONGRA 7 YA FEDERASYONA

Li rojên 14-15 meha febrwerî 1987, kongra heftem (7) ya Federasyona Komelên Kurdistanê li Swêdê, li jêr dirûşmê "Em bi hev re xurttirin" hate girêdan.

Ji bilî nûnerên kongrê, jimarek zor mêhvan têde beşdar bûn Ji wan Georg Andersson wezîrê karûbarêt biyaniya li Swêdê, serokê destgaha mişextiyan, nûnerên partiyên ku di Parlemana Swêdê de cî digrin, beşdar bûbûn.Ji layê komel û civînên kurd li Swêdê û Ewrûpa û herwesa ji layê Partiyên siyasî yên kurdî ve gelek brusken pîrozbahiyê gehîştibûn kongrê.

Kongre deqiqek bi rawestan bo şehîden Kurdistanê û gotara bira Henefî Celeplî hate destpêkirin û siruda "Ey reqib" hate xwendin.Paşî we-

R 2

P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN

Postgiro: 420 4506 - 2

# سەردەمی نوێ

لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ

خاوەنی ئیمتیاز
د. جەمشید حەیدەری
سەرنووسەر
کریم حسامی

سالی دووهەم　　ژمارە ١٥　　خاکەلێوە ئەپریلی ١٩٨٧　　نرخی ١٠ کرۆنی سویدی یە

## تورکیا و پلانی ئەمریکا

لە ژمارە چواردەی ئەم رۆژنامەیەدا ، بڵاومان کردەوە کە ڕێژیمی فاشیستی ژەنراڵەکانی تورك، رۆژی ٣ی مانگی رابردوو- ناوچە سنوورەکانی کوردستانی عیراقی پەلاماردا وبە ٣٠فرۆ- کە گوندەکانی ئەم ناوچەیان بۆمباران کرد. بێجگە لەوەش وەك هەواڵدەرەکانی هەندەران رادەگەیێنن، لەشکری تورك بە درێژایي سنووری عیراق و تورکیا ، لە حالی ئامادەیي شەردا راگیراوە و تەنانەت تیپی کوماندوی لەشکری تورك بۆ دەست درێژی بۆ سەر گوندەکانی کوردستانی عیراق، سنووریشی پەڕاندوە

دیارە لەشکری تورکیا بە گوێرەی رێككەوتنی ١٩٨٤ی دوو حکومەتی شۆڤینیستی عیراق و تورکیا ، ئەوە چەند جارە ناوچەکانی سنووری کوردستانی عیراق پەلامار دەدا و دیهاتی سەر سنوور بۆمباران دەکا و خەڵکێکی زۆری بێ تاوان دەکوژێ.

بەلام دەست درێژی ڕێژیمی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عیراقعیراق و ئامادەیي لەشکری تورك لەسەر سنوورەکانی ئیران و عیراق، تەنیا ئەوە نیە کە لەگەڵ عیراق بۆ سەرکوت کردنی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد پەیمانی بەستوە وحکومەتی خوێن خۆری سەددام رێگای هاتنی لەشکری تورکی بۆ خاکی عیراق کردۆتەوە. نەخشە و پلانەکەگەلێك لەوە قووڵ- تر و داوێن درێژترە. چوست وچالاکی لەشکری تورکیا ، بەشێکە لە نەخشە و پلانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە دەیەوێ لە سنوورەکانی یەکیێتی سۆڤیێتی پیادەی بکات. لە راستی دا حکومەتی ریگان دەیەوێ لە ریگای تورکیاوە، بۆ رووداوەکانی ئیحتما- لی شەری ئیران و عیراق خۆی ئامادە بکات.


بە گوێرەی نووسینی رۆژنامەکان ، ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای شیمالی نەخشەی داگیر کردنی بەشێکی ئازربایجا- نی ئیرانی کێشاوە و دەیەوێ ئەم نەخشەیە بە تورکیا وەك ئەندامێکی پەیمانی پەلامار دەری ناتۆ جێ بەجێ بکات..

رۆژنامەی **"ئینتر ناشناڵ هیرالد تریبوون"**، چاپی ئەمریکا لە بارەی ئامادە کردنی ئەم پلانە مەترسی دارەوە ، راپۆرتێکی بلاو کردۆتەوە و دەنووسێ: " حکومەتی تورکیا ناتوانێ ئاژاوە و بێ سەرە و بەرەیي لە سنوورەکانی رۆژ **هە**لاتی خۆی کە دەبنە سنووری پەیمانی ئاتلانتیکی شیمالی (ناتۆ) ش،قبوڵ بکات."

دیارە بلاو کردنەوەی ئەوەمە بەستە هەروا ساویلکە و بەهەلکەوت نیە. دەیانەوێ لەو ریگایەوە بیر و رای گشتی تورکیا بۆ دەست درێژی و پەلاماری ئیحتمالی بۆ سەر عیراق و ئیران و یان بۆ ئالۆ وگۆڕێکی کوتوو پری ئەوتۆ کە بەرژەوەندی رۆژئاوا بخاتە مەترسیەوە، ئامادە بکەن.

بۆ لاپەری ٢

## یادی هێمن هەرزیندوە



**ئەپریلی** ئەمساڵ بەسەر کۆچیدوا- یي شاعیری مەزنی کورد، شاعیری کۆ- ماری کوردستان ، شاعیری هەژارو چەو ساوەکانی کورد، شاعیری پێشمەرگە، **ماموستا هێمن** سالێك تێدەپەرێ.

هێمن بەجێي هێشتین و مالاوایي لێ کردین، بەلام هەردەم لەگەڵماندا یە. لە بیری هەموو نیشتمانپەروەر- یکی کورددا ، کونجێکی داگیر کردوە. لەسەر هەر پێ دەشت و لوتکەیەکی چیاکان ناوی هەلقەندراوە، لەسەرزار و زمانی منداڵ و لاوانوتەکانی یندوە هێمن لەسەرەتای گەنجایەتی بە شیعر ئاگرینەکانی هەوومانی هێنا جۆش، خۆشەویستی نیشتمانی لە مێشکماندا چەسپاند. ئەوەی پێ راگەیاندین کە ریگای خەبات دژوارە، بەندو زیندانو ئاوارەییە، زنجیر و تەناف و سێدارەیە. ٤٥ساڵ لەمەو پێش پەیامی شاعیری کۆڵنەدەر لە گوێچکەی مندالان، لە لاپەری رۆژنامە و گۆڤاران، لە کۆری لاوان و پیرە پیاوان دەنگی دایەوە. ئێستاش هەروەکوو ئەو رۆژە دەنگی هێمن ، شیعری هێمن لە هەموو سووچێکی کوردستان، لە هەموو شوێنێك کە کورد زمانی تێدا بژی لەگەڵ هێمن دەبێژێ :

**گەرچی تووشی رەنجەرۆیي و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردە ئەمن"**

بۆ لاپەری ٥

## لەخەباتی ئازادیخوازی گەلان

برای خۆشەویست کاك( وریا ) وتار- یکی بەناوی" بریگادەکانی نێو نەتەوە یي دیاردەیفیداکاری و ئەڤین بە ئازادی و ئینترناسیونالیزم" بۆ ناردووین.

**"بریگادی نێو نەتەوەیي بەو کەسانە گوتراوە کە لە ولاتەکانی جیاوازەوە بە داخوازی خۆیان چوونە ئەسپانیا تالە شەری دژی فرانکۆی فاشیست دا یاریدەی کۆماریخوازەکان بدەن"**

کاك وریا لە پێشەکی وتارەکەی دادەنووسێ : " ئەم وتارە لە رۆژنامەی**"نوێ روومبۆ" ( ریبازی نوێ"** ئۆرگانی کومیتە ناوەندی حیزبی کوموونیستی کەلانی ئە- سپانیادا بلاو کراوەتەوە. مەبەست لە وەرگێرانی ئەموتارە ئەم خالانەی ژێرون

١ - راکیشانی سرنجی نێو نەتەوە- یي بولای جولانەوەی رزگاریخوازی ودژی ئیمپریالیستی خاوەنی بایەخیکی تەیبە- تیە، پێویستەشۆرشگێران لە هەرجێگە یەك بن، بۆ کار کردن لەسەر ئەو مەسە- لە یەتێ بکۆشن، بە تایبەت کە ئێستا ولاتی ئێمە تووشی وەزعێکی تایبەتیبوە


٢-کۆماری ئەسپانیا ١٩٣٧ وەهای سرنجی نێو نەتەوەیي بۆ لای خۆ راکێشاوە کە ئێستاش پاش ٥٠ سال بایەخ و ئیعتبار و نرخی هەرماوە و باسی دەکرێ.ئەر- کی هەموومانە ئێمەش بەش بەحالی خۆ- مان شارەزای ئەم رووداوە گرنگە ببین و- لەو ئەزموونە مێژوویێە کەلك وەر بگرین.

٣ لەم وتارە دا شتێکی تر بە ئاشکراخۆ دەنوێنێ ئەویش نەخشی لەرزۆك و بووە- دەلەیي سوسیال دیموکراسیە کە بە شێوەی پێویست نەك هەر پشتیوانیان لە کۆماری ئەسپانیا نەکرد، بەلکوو تارادەی هاو شانی لەگەڵ فاشیزم و فرانکیسم چوونە پێش. پێیان وانە بووکە بە تێك شکانی ئەو کۆمارە نەك هەر بە هیچ ناگەن، بەلکوو دەبن بە یەکەمین قوربانی فرانکۆی فاشی دیارە کۆماری ئەسپانیا لە مێژوودا جێگا و شوێنی تایبەتی خۆی هەیەو باسێکی دوور و درێژی پێ دەوێ. بەلام ئەگەرفاشیزم و خەیانەتی رێبەرانی سوسیال دیموکرا سی نەبایە، ئەسپانیا پاش یەکیێتی سۆڤیەت

بۆ لاپەری ٢

**پاشماوەی ل ١**

راپۆرتی رۆژنامه ی ئه مریکایی پاشان له لایه ن سه رچاوەکا- نی تورکیاشه وه دانی پێدانرا ٠ **حوسین گیولر** سەرهه نگی لێ که وتووی له شکری تورك و یه کێك له سه رۆکانی پێشووی ده زگای جاسوسی تورکیا که ئێستا نوێنه ری پارلمان و ئه ندامی حیزبی



سوسیال دیموکراتی گه لی( به رێبه رایه تی ئەردال ئینونیو ،کور ی عیسه ت ئینونیو سەر کۆماری پێشووی تورکیا ) یه ،له وتارێك دا له پارلمانی تورکیا گوتی : " نه خشه یه کی نهێنی ئه مریکایی بۆ خۆ تێ هه لقوتانی نیزامی دژی عیراق و ئیران له کا تی پێویست دا له گۆرێ دایه ٠ ئامرازی به جێ گه یاندنی ئه م نه خشه یه، له شکری تورکیایه ٠ به گوێره ی ئه م نه خشه یه لەشکری تورکیا ، ده بێ ناوچه نه وته لانیه کانی که رکوك و به شی رۆژ- هه لاتی ئازربایجانی ئیران داگیر بکا "٠ هاوکات له گه ڵ ئه و ده ست درێژ یه ، هێزه خۆشبه زەکانی ئه مریکاش دەبێ بگه نه خاکی تورکیا تا هه لکه وتی په لاماره که ده سته به ر بکه ن٠"

جکومه تی تورکیا به بۆ چوونی شۆڤێنیستانه ی خۆی به بیانووی راونانی (تروریست) واته شورشگێره کانی کورد ئیران په لامار دەدا و پاراستنی نه وتی که رکوك،دیفاع له که مایه تی تورکەمەنه کانی عیراقی و پاراستنی ( بەرژەوەندی حه یاتی) ده کاته بیانوو بۆ داگیر کردنی کوردستانی عیراق ٠

ماوه یه ك له مه و به ر پارلمانی تورکیا فه رمانێکی پەسند کرد، به گوێرەی ئه و ئه رته شی تورکیا بۆ راونانی پارتیزانه کا- نی کورد، که تورکیا به ( تروریست) ناویان ده با ، ده توانێ خاکی ئیران و عیراق په لامار بدا ٠ هێندێ له کۆره کۆنه په رسته کانی پان توکیزم که به داگیر کردنی به شی سه رووی قبرس تامیزاریان خۆش بوه، به و پلانه مه ترس داره هاوبه شی ئه مریکا و تور ك ئاویان ده زاری ده گه رێ٠ دیاره ئه م خەیاڵ پلاوه شێتانه یه، له سنووره کانی یه کێتی سۆڤێتی بۆ تورکیا هه روا ساده و بێ مەترسی نیه ٠ هه ر بۆ یه ش رۆژنامه ی ( جه مهوریه ت) چاپی تورکیا داوا له رێبه رانی تورك ده کات که هێدی بن و بیری لێ بکه نەوە٠

په لاماری ئه و دوایه ی له شکری تورك بۆ سه ر کوردستانی عیراق، به بیانووی راونانی تێکۆشەرانی حیزبی کریکاری کو رد- ستانی تورکیا ، له راستی دا مه شق و پراوه یه که بۆ دەست درێژی داهاتوو٠ به گوێره ی ده نگ و باسی گه یشتوو، له شکری تورکیا له سنووری عیراق و تورکیا ده ستی کردوه به گرتن وراونانی خەلکی بێ تاوان وچۆل کردنی گونده کانی سه ر سنوور و خۆی بۆ په لامار- یکی به ر بلاو ئامادە ده کات٠ راست له و کاته دا که هێرشی وه حشیانه ی له شکری تورك بۆ سه ر کوردستانی عیراق له لایه ن کۆر و کۆمه له دیموکرات و پێشکه وتنخوازی و لاتانی جۆر به جۆر ه وه مه حکووم کراوه ٠ کورده کانی دانیشتووی ئوروپا له و لاته کانی **سویس، ئه لمان ، به لژیك و دانمارك و سوئید وشو-** ینه کانی تر له پێش بالیوز خانەی تورکیا ، به خۆ پێشاندان قین و بیزاری خۆیان له و کرده وه درندانه یه ده ر بریوه ٠

وەزیری شەری و لاته یەکگرتووەکانی ئەمریکا دێنه تورکیا و له گەل راگەیاندنی پشتیوانی و بەلێنی ٤ فرۆکەی اف ١٦ دەدا به ژنرالە فاشیستەکان و له راستی دا بەم کاره بۆ گێره شێوێنی لەم ناو چه یەدا هانیان ده دات ٠

رووداوه کان نیشان ده دەن که رێژیمی فاشیستی تورکیا بۆ پیاده کردنی نه خشه ی په لاماردە رانه ی ئیمپریالیزمی ئه مریکا ئاماده یه خۆی به هه موو په لێك دابدات ٠ ماوه ته وه هێزه دیموکرات و شورشگێرەکانی تورکیا و ئیران و عیراق به هه موو نه تەوه کان وبه هەموو لایەکەوه که بۆ بەر پەرچدانەوەیپلانی ئەمریکاوپه لاماری تور- کیایەك بگرن وهێزیبه تەوژمیخەلك بۆبەربەرەکانی ئەوپلانەئامادەکەن*

**پاشماوەی ل ١**

## لەخەباتی ئازادیخوازی

دووهه مین هێزی سوسیالیزم دەبوو که وەك کێو له بەرامبەر ئیمپریالیزم ونە- خشه و پیلانەکانیدا راده وەستا و دەبو به پشتیوانی جولانەوەی رزگاریخواز ی گەلان و ئاشتی جیهانی ٠"

**ئێمه له گەل سوپاس بۆ هاوکاریرا یانەی کاك وریا و بۆ رێز لێ گرتن له یادی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی ئەسپا- نیا، وتارەکه به دەسکاریەکی که مه وه بلاو ده که ینه وه ٠**

« پاش پەلاماری چەکدارانه دژیکۆماری ئه سپانیا زۆر له حیزبه کوموونیسته کا نی جیهان، داوایان له تێکۆشەرانیدژی فاشیستکرد که بۆ خەبات دژی فاشیزم بچنه ئەسپانیا ٠له مانگی سپتامبر ی ١٩٣٦ سکرتاریاتی نێو نەتەوەیي کومو نیستەکان بریاری داکه له و لاتەکانی جیاوازەوه دەستەی داوتەلەبی نیزامی بۆ خەباتی دژی فاشیزم بنێرێته ئەسپا- نیا ٠ هێزه شورشگێرەکانی ئەسپانیاله دوو لاوه کەوتبوونه بەر پەلاماریهێزەکا نی ئیمپریالیستی ٠له لایەك پەلاماری- ئاشکرای ئەلمان وئیتالیا ، له لایەکی دیکەشەوەپەلاماری نهێنیئەو ولاتانه که خۆیان به بێ لایەن نیشان دەدا٠ کۆمینتێرن و نێو نه تەوەیي سو- سیا لیسته کان تەبلیغاتی بورژوازی دەیەوێ رووکا- ری راسته قینەی (بریگادەکانی نێونەته وه یي) که دژی پەلاماری نێو نەتەوەیي بۆ سەر شورشگێرانی ئەسپانیا رێکخرا بوو، ئاوەژوو بکاتەوه و وای نیشانبداکه (بریگادی نێو نه تەوه یي)داردەستی کۆ مینتێرن بوون، بۆ دامەزراندنی دیکتا توری پرولتاریا له ئەسپانیادا ٠

دیاره له بارەی قارەمانەتی بریگا- دەکانی نێو نەتەوەیي و شەڕی ئەسپانیا دا زۆر شت نووسراوه، بەلام دیسان وه بیر هێنانەوەی ئەم کارەساته نرخی خۆیهەیه و بۆ ئازادیخوازانی کوردیش بێ کەلك نیه٠ ئەوه راسته که بریگادەکانی نێو نه تەوەیي له لایەن کوموونیستەکانەوه رێکخرا بوون٠ چوونکه نێو نه تەوەیی سوسیالیستەکان(حیزبه سوسیالیست و- سوسیال دیموکراتەکانی رۆژئاوا ) له یاریده دانی خەلکی ئەسپانیا خۆیان- بوارد٠ بێجگه لەوه ئەوانەی بۆ خەباتی دژی فاشیستی بۆ ئەسپانیا دەچوون،هیچ شەرتێ نەبوو کوموونیست بن٠

کۆمینتێرن له کونگرەی حه وتی خۆی دا ، له سەر یه کیتی کردەوەی چینی کر- یکار له گشت و لاتەکاندا پێی داگرت٠

بۆ لاپەری ٧

# MAFE MIROVAÎ DÎ IRAN Û IRAQÊ DE

Şerê Îran- Iraqê ji bilî ku bûye egera xerab kirin û wêran kirina van du welatan, kêm gund û bajêr mene ku heketine bin bomba baran kirinê, pitir ji yek milyon kuştî, du milyon birindar û seqet berze, sê milyon derbider têde ketinê. Her wîsa boye egera mane wan du rijêmêt ew şev kirye rêyek ji bo lêdan û nehêlana hêz û dengêt demokratî û azadîxwaz di wan welatande.

Rêkxirawa (Emnês Înternasnal), di raporteke xwe de, gunehêt reşêt kuştinê yêt rijêma Beisî di Îraqê de êxistîne ber çav. Ew di bêjêt ku divan salêt dawî de hukmeta Îraqê hejmarek mezin ji endamet hêzêt demokratî yêt dijkar lisê dearê dane yan sotine. Raport dibêt:-

Ji ber ku kesêt hukim kirî herdi zindanan de dikujin, her hukmet bixwe wana bin ax jî diket. Hejmara dirust ya kesêtli sêdarê dayn nahête zanîn.

Girtîyan bê berevanî û mehkeme gulleban dikeni piranîya wan ewîn yêt ku ji leşkerîyê revîn, yan li dijî rijêmê xebat kirî. Kesêt li sê darê dayn endamêt partiya komanista Îraqê, partiya demokrata kurdistana Îraqê, partiya gel ya dimokrata kurdistan, partiya sosîyalista kurdistan, û bizava dimokratî ya asorî û hizba deiwa islamî bûn.

Li dûf raporta Emênistî Înternasnal, di meha siwat û asara 1985 an dê 28 girtî yêt siysaî li sêdarê dan. Ji wan 15 kes endamêt P.D.K-Î bûn û 3 kes ji bizava dimokratî ya asorî û 10 kes ji malbata (Hekim) bûn, li bajarê Necef.

Her wisa di demê heftiyekê de 60 girtîyêt siyasî lisê darê dan, Raport dibêt li dûf ding û xeberêt gehiştin, di meha oktoberêda di li joriya Iraqê 300 kes kuştine.

Li roja 14/11 li bajarê Silêmanîyê 10 kes li sê darê dan, her disa li Silêmanîyê 12 kes gullebaran kirin û disa, her li Silêmanîyê dinav goristanê de 8 kes bisaxî binax kirin. Di berxwedanêt şagirdan de li Silêmanîyê pitir ji 200 kesan kuştine.

Di bajarê hewlêrê de 70 kes gulle baran kirine.

Di rapora navberî de gotîye: Hindek Mal û xêzan girtine û elî bê ser û şûnin.

Eve kurtîyek bû ji raporta Emnêsta Internaşnal, li ser kujekîya rijêma îraqê.

Lê li Îranê çi xebere?:

Rêkxirawa mafêt mirovan li ser kujekîya rijêma Îslamîya Îranê dibêjit ku wê 7 hezar kes gullebaran kirine. Rijêma komara Îslamê bixwe ev hejmare gotîye, heke hejmara rastî zûr mezintire.

Di raporta mafê mirovatî de gotîye:- Di zindanêt Îranê de biçûktirin mefê mirovatî nakeve berçav. Girtîyan bi 64 rengêt işkencê, îşkence diden.

Dinav girtîyan de zaroyêt kêmtir ji 18 salî hene ku bi guneha sîyasetê girtine û di bin işkence û êşandinê dane ku zor ji wan dimirin.


Raport di bêjît:

Her sal 400-500 kesan gulle baran diken, li sê daredan kêm kirîye.

Kurdistan

hevgirtin û dest girtina hevdoye. Di çin û êk saliya rêbendande (befirbara dumande), da destan bidin hevduû ji bor û serborêt wê devsan wergirin. Xebata çil û êk saliyadijî emperliyalîzmê pêşde bibeyn.

## یادی هێمن



کەریمی حسامی ______ ١٩٨٧

ئەم کتێبە لە لایەن ماموٚستا کەریمی حسامی یەوە نووسراوە، بە بوٚنەی ساڵێك بەسەر کوٚچی دوایی شاعیری مەزنی کوردستان ماموٚستا **هێمن** نووسەر ،هاوری و دوٚستی شاعیر بووە کتێبەکە لە بڵاو کراوەی " **سەردەمی نوێ** "یە .

" **یادی هێمن** " بریتی یە لە پێشەکی و ئەم بەشانە :

- شاعیری گەل
- گەشتێك بە تاریك و روون دا ،
- چەند نامەیەکی ماموٚستا هێمن،
- چمکەك لەو نامانەی بوٚ ماموٚستا هاتون،
- گەرانەوەی شاعیر ، لە کوٚتایشدا دوا نامەی شاعیر بوٚ ماموٚستا کە ریم .

گرینگی ئەو کتێبە لەوە دایە ، کە نووسەر توانیویەتی هەندێ لایەنی ژیانی شاعیری مەزن وقسە خوٚشەکانی و پێوەندی شاعیر لە گەل هەڤال و دوٚستان،هەروە- ها رێز و پایەی شاعیر لە لایەن رۆناکبیر و ئەدەب دوٚستان و خەلکی نووسەر دەنووسی ، " هێمن تورە بوو ، دل ناسك بوو ،قسە خوش بوو ، جاری وا هەبوو دووساعات هەموومان بە قسەکانی ئەو دەگەشاینەوە و خەم و خەیالی ئاوارەیی و تەنانەت بیری سیاسیشمان وەلا دەنا "

لە چەند نامەیەکی هێمن دا ، نووسەر پەنجەی بوٚ ئەوە راکیشاوە کە :نامەکان گرنگی سیاسیان نیە ... ، بەلام وشەو زاراوەو رستە شیرین و جوانەکان و قسە خوٚشەکانی ماموستا هێمن لەو نامانەدا دڵی خوێنەر فێنك دەکەنەوە " .

کچە کوردێك لە کوێی بوٚ هێمن دەنووسێ : کاتێك شیعرەکانی توٚ دەخوێنمەوە ،هەستی کوردایەتیم ئەبزوێ "

کچێکی تر لە سلێمانی دەنووسێ : ئێمە لاوانی سلێمانی توٚ بە گەورەی خوٚمان دائەنێین، هیوامان ئەوەیە قەت شوێنت ون نەبێ " -

مەلا عەولای حەسەن زادە دەنووسێ: هەر ئەوەند ەم لەدەست دێ بلێم خوا لەمن و نەتەوەکەمت نەستێنێ ولە عومری من بخاتە سەرعومری توٚ بوٚ ئەوەی پترو پتر خزمەتی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان بکەی وزیاتر بوٚ خەبات هانی بدەی ..."

خوێنەرانی بەرێز

ئەوە پێناسیکی کورت بوو لەسەر "کتێبی یادی هێمن" .

،مێریاتی

## بەهاری کوردستان

کوتم بە بەختی خەوالوو، وەرەئەتوبیخودا
لە خەو هەلستە زەمانێ بچینە وە ئەولا
گورەی بەهاریە ئێستیکە شاخوداخی ولات
پرە لە لالە و نەسرین و نێرگسی شەهلا
چیایە شێخ وکەوای سەوزە،مێزەری بەفرە
سیواکی چوزەرە رێواسە،تەیلەسانی گەلا
حاجی قادری کوٚیی

★ ★ ★

بە هار هات موژدە بێ دەستەی جەوانان
چریکەی هاتە کوێم قومری بە یانان
کە یف خوٚشە هەموو عالەم بە جارێ
کە دیسان هاتەوە فەسلی بەهارێ
نانەوا زادەکان

★ ★ ★

نەسیمی بادی نەوروٚزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دلبەری هێنا
دەلێی چاوی منە هەوری بەهاری دەمبەدەم دەگری
دەلێی ئاهی منە بەرقی درەخشان ئاوری هێنا
وەفائی

★ ★ ★

هەمیشە دەرد دەبینم، دەرد دەبینم
دروٚی دوژمن، دەهوٚی نامەرد دەبینم
مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم
کە رەنگی نەو بەهارێ زەرد دەبینم
هێمن

★ ★ ★

هەی هەی ج بەهاریکە، وەك جەننەتی مەئوایە
وەك بولبولی زارئاشق، ئاو بردەیی سەحرایە
نیلوپەری نێو ئاوان، واپەخش و پەریشانی
وەك چی دەچن ئەوچین چین، وەك زولفی چلیپایە
ئیمامی

★ ★ ★

● ● ●

Ji rup.2

# Kurdistan

Nûke û pistî hewildanêt turkan, diyare ku rizgarî xwazêt kurd kiriyarêt xwe pitir dijwar kirine.

Kurdên turkiyê hev sinorin digel Iraqe-Îran û Sûryê û dê bin 7 milyon. (kurd li turkiyê ji 10 milyona pitirin). Ew xebata xwe ya çekdarî bi pês diben.

Rijêma cunta turk, her ji roja hatî ser hokmî, sala 1980 an de, hemû rengêt xebata kurdan qedexe kirin û ew xistin jêr zulm û zordarî û tepe seryê de.

(P.P.K.I) ku mezintirin hêza kurdistana turkiye û nepenî (sirrî) dixebitît, 25 endamêt wê li darê qinarê dan û pitir ji 600 kesan xistine zîndana û hind heta hetayê (moebed) û hind bi salên dirêj hukum kirin.

Di sala 1984 an de xebata kurdan dijwar bû moqarin diken ku 180 pêsmergên kurdan û 120 kes ji leskerê turk û 120 kesêt medenî hatine kustin. Lê ji mara birastî zor ji vê jimarê pitire.

Herwek salêt bûrî, bi hatina havîne di nav deverêt kurdistanê de, ku gelek jê çol kirine yan mise (zor) xelkê hejar têde dijît, ew dirbêt goran li dujminê xwe diden. Ji ber ku vê herêmê zivistanek dijwar û dirêj heye.

Turk dibêjin ku çekdarêt kurdan dê bin pitir ji (2) hezar kesan û ewan binkêt xwe li nav Iraq-Îran û soriyê çêkirine û li dijî turkan serdiken. Hukmeta turk pitir ji 10 hezar leskerê qumando bi hemû çekê modêrin û trokan ve ji bo nehêlana bi zava kurdan amade kirîye û heta nuhe gelek caran bimbêt napalim jî li di jî xebatgêrêt kurd bi karanîne.

Hukmeta turk di ses salêt hukmê xwede, zordarî û zulmek mezin li devera rohilata Enadolê bikaranîye. Lê di deverêt din de li turkiyê ewbi basî û rehetî hukim diket.

Belavoka (KAR), organa komîta navî ya rêkxistina fidiyyêt xelkê Îran (Ekserîyet) di ji mara xweda li meha zivistanê gotarek libin navê (Hîvîya bizava zî rê bendan ebedîye) nivîsîye, em bi kurtî wî gotarî dixîn ber cavên xwîndevanên delal. (KAR) di nivîsîtî. Çil û yek sal biser 22 î befibara duman bi rêberîya gelerî û demokrat ya hizba demorata kurdistananê û bi rê berîya Gazî Mehmed serket. Digel hevgirtin a mukum bi xebata li dijî emperyalîzmê re û xebata demokratî û dad perwerî de pêsde ço û digel enya cîhanî ya demokrasî û sosyalizmê biskeft û ges bû, heta di demê 11 mehande ji dest helata netewî ya kurd. Ew bo pist û stûnek mezin.

Ew desthelata gelerî ya gelê kurd, her zû kefte bin dirbêt emperyalizma Înglîz, Emrîkî û kevneperêsîya deverê û li pasiyê rû birûyê hêresê, gelê kurd ji berhemê bizava xwe bê behir bû, û serkêsê jêhatî yê kurd qazî Mehemed û çend hevalêt wî sêdarê dan (sidam kirin). Bi hezaran kurrêt kurd girtin û nefî kirin. Lê her dijmin nikarî bi nehêlana vê bizavê, bihayê mezinê dirokî jê berzebiket û kêm biket. Nikarî bîranîn û dersêt giring (muhim) ji hav dil û canê xelkê kurdistanê bînit den soresa Îranê delive (mcal)bo kurdan xwes kir ku ew liser armancêt 22 i befibara duwan û bicî anîna wan berdewam bin.

Bizava netîya gelê kurd tûsî serqetandinêt hovêtî yêt rojêma komara îslamî bû. Ew serê xumênî biser gelê kurd dakirî, heta nuhe bûye egera kustina pitir ji 30 hezar xelkê bê gunehê kurdistanê û hind jî kesêt ne kurd bi zorî di serîda tê birine.

Îro di bîranîna çil û yekê ya bizava kurdan di 22 befi bara duwê de. Gereke hizra (tikra) hindê bikin ka ce nuhe li kurdistanê çi digewmît û gereke eger û netica jê wergirin.

Rijêma xumênî demeke hewil didet ku çend hêzêt kurdistana Iraqê bi xweve girê bide û wan biket dar destê xwe.

Armanca sîyaseta nûya Rijêma Îranê di wan xalan de kom di be.

1- Têkdana enya (bereyê) nistimanî yê Iraqê ji bo dirbey li partîya komonîsta Iraqê bi det, ku wê nexseyek hêja û bas heye li danana wî bereyê sorisgêr û dijî rijêma Seddemê xwîn rêj de.

2- Hindeka ji hêzêt bizava nistimanî ya kurdistana Iraqê biket davdestê sîyaseta xwe ya kevne perêsî.

3- Bi hêz kirina layi kevne peristî (meclisa bilinda islamî ya Iraqê û rêberatiya melen biser hindek hêzêt bergirî ya dimokratî desepînît.

4- Wec (teyde) wergirît jihindek hêzêt istimanî yêt kurdistana Iraqê li dijî bizava nistimanî ya kurdistana Îrtanê û peyda kirna ser û pêkrasûnê dinav bera hêzêt demokratî di herdû welatan de.

We diyare ku rijêma xumênî ji serketina vê siyaseta xwe yanû bihîvîye. Pêkanîna konferensa (hefkarîya milletê Iraqê) li Tehran ya ku di biriyana wê ya dawinde peyvek jî liser otonomî bo kurdistana Iraqê ne axifte. Vêkre berdana pir xwin ya hêzêt êkatiya nistimanî û rêxistina (mocahidin) li diverêt sinorê Iraqê, eve hemî ji rijêma Îranê nisa diden ku wê rijêmê sertê (kurd kustin) ê ji hemû dijminêt kurdan birîye. Ew nikarit li vî alî dujminê kurdan bi û li wî alê dostê kurdan be. Ew rijêm li Iraqê û li Îranê dujminê gelê kurde.

Rijêma Seddam ji dixwaze ku ew jî her wêsîyasetê bikarbine, serê xwedigel Îranê wecê (teydey) jê wergirît ji bo bikar anîne kurdêt Îranê li dijî hêzêt demoratî û nistimanî bikar bînit.

Nuhe eger ka û dan (mezî)her ho bikeyfa van du rijêmêt kevneperês birê bicît, divê bêjin ku tevgera kurdî divan hevdu welatan de ya tûsî kovanê û karesetê dibît. Ew divan kaûdanande li encama ser xawistanê de divêt (gereke) pûtey bidane karkirna (tesira) wê di tevgera gelî ya kurdistana Îranê û diyarkirina çare nivîsê wê. Gereke tevgera netewî di herdu welatan de, bi xebata gelên Îran û Iraqê ve bête girêdan ji bo dana astîyê.

5- Tev hêzan ji bo danana enya (bereya) hevgirtî ya hêzêt demokratî di wan welatan de bikar bêxîn. Peyde kirin û pêsde birine êketî ya xebata hêzêt tevgêra gelê kurd û hêzêt demokratî yêt welatî. di pûçkirin û nehêlana pîlanêt sê vijêmêt îran-iraq û turkiyê nexseyê bercav dileyzît.

Jibo dûmahî anîna serê hîzba demokrat û komelê û ji bo nehêlana alizinêt di navbera hêzêt siyasî de, ku heta nuhe rijêmê wec jê wergirtiye. divêt bi rêka hevpeyvîn û civînan bête care serkirin.

Peyda kirin û mukum kirina hefkarîyê dinavbera hêzêf tevgera netewî û têkeliya wan bi hêzêt netwîyêt gelêt turkman. Beloc û Ereb ve, tevgerê dimokratî bihêz dikeve. "We diyare ku di Îran de kesêt Azerî û tevgêra netewî ya Azerbêcanê tunene, lewma li virxeber jê nedaye. Wergê".

Gerek ji bo peyda kirina têkelî û hefkarîyê dinavbera hêzêt demokratî û soresgêr di herdu welatande, nexasime hizb û civînêt xebat karêt kurd di herdu welatande bixebitin.

Rêkxistina me ji hemû welatparêz û astîxwazêt pêsketî dixweze, dixebata rast a gelê kurd de (Demokratî ji bo Îran û xwe muxtarî ji bo kurdistan) pistevanî biken. Bastirîn tist ji bo serketin ê bi ser rijêma kevne perêsa xumênî de,

XWEDI:
Dr. Cemşîd Heyderî
BERPIRSYAR& REDAKTOR:

Kerîm Hussamî

# Serdema Nû

JI ALÎ DESTEYA NIVÎSKARAN VE TÊT BELAVKIRIN

P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN

Postgiro: 420 4506 - 2

Sal 2 Hejmar 15 NISAN 1987 Biha 10 skr.

# TIRKIYA Û PILANÊT EMPERYALÎZMA EMRÎKÎ

Di hejmara çardan de ji vê rojnamê belav bû ku rijêma faşist canta turkî, roja 3 i meha borî gundêt devera tuxûbê kurdistana îraqê bumbaran kirin. Ji bilî wê, wek xeberên ji deverê tên dibên, ku leşkerê turkan bi dirêjîya tuxûbî (sinûrî) ber hev kirye ji bo şerî, û hindek qolêt wan ji tuxûb jî derbaz bûne.

Rijêma turk ligor peymana hevkarî kirnê ya sala 1984 an de, et bo çend car hêrişan dike ser gundên sinorî û xelkê bê guneh dikuje.

Dest dirêjîya cunta turk bo ser kurdistana Iraqê û berhevîya leşkerê turk liser sinorê Iraq-Turkî, ne bi tinê ji bo hindê ye ku ew bi hevre dirbey li tevgêra kurdi biden, jibo hinî bitinê turkiyê peyman digel Seddamê awin rêj nekiriye ku ew bêne naf kurdisana Iraqê. Lê belê nexşe û tevnê vê pilanê gelek ji hindê kûrtir û mezin tire. Lêkdan û vêkdana leşkerê turkî êk ji pîlanê ye ji bo ko wana li sinorê Sovyetê ragirît. Birastî Rêgan dixwaze birêya turkiyê ew xwe ji bo paşe roja şerê Iran-Iraqê amade biket.

Li dû nivîsina rojnaman, Emrîka jorîya nexşê dagir kirina Azerbêcana Iranê ye kişandî û dixwaze evî nexşey. Bi destê turiyabicî bînit ku ew endama di peymana NATO de.

Rojnama "International hîrald trîbon" ku li Emrîka çap dibe, raportek liservê pîlanê nivîsye di pêjît.

"Turkiya nika alizin û bêser û berîya li rohilata wê heye, ko di bine sinorê peymana Etlantika jorî ya "NATO" bide xwya kirin.

Diyare ko belav kirina wê mebastê (inyetê) ne wisa sava û biçûke. Ew dixwazin di wê rêde bira tevayî (gişkî) a turkî ji bo dest dirêkirinê bo ser Iraqê û Iranê û peyda bona her ka û danekê ji nişkve ber hev (amade) biken.

Raporta rojnama Emrîkî ji serkaniyêt nav tirkî bawer pê kirîye. Husên Gêwler serhengê jêhatî yê leşkerê turkan û êk ji serokên pêşin yên destgeha casasî ya turkî, ko nihanûnerê perlemanê û endamê partîya sosiyal dimukrat a gel (bi serkêşa Erdal Îninyo kurê Îsmet Îninyo serok komarê berê (pêşîn) e wî di gotarekî de di parlemanê de got:-"Nexşek ê Emrîkî, ji bo xwe lêdanê digel Iraq-Îran di gorê deye. Dardestê bi cî anîna vî nexşey, de gereke leşkerê turk deverên (menteqên) nefta kerkûk û pişka rohilata Azirbêcana Îranê dagir biket."

Hukmeta turk bi hizra xwe ya şovînîst, bi hêceta rat nana (terorîs)ê xwe li Iraqê didetû parastina pêtrola kerkûke û berevanî kirin ji tukumanêt Iraqê û parastina petrola kerkûke û berevanî kirin ji tukumanêt Îraqê kû parastina berjewenîya jîyanê kivine hecet ji bo digîrkirina kurdistana Iraqê.

R 2

# KONGRA TEHRAN

## JİKO DERÊ BO KO DERÊ ?

Li ser daxwaza serokê komara îslamî ya Îran. Kunger bi nav (piştevanî ji bo gele îraqe) li rojêt 24-28/12/1986 li bajarê Tehran girêda. Li dûf raportêt rojnamêt îranê nêzîkî 400 kesan ji nûnerêt hîzban û mêvan û kesêt din têde berhev bûn. Dawîya wê beyanek derxist û birîyar da ku çend lîjna danin ji kesêt pispor ji bo lêkdana karêt xebat çekdarî û stiratîjîya hukmeta îraqê ya dahatî.

Beyannama kungerê:

Her çend beyanna ma kungerê wek encamek zanistî sarezaya ser û berê nuke yê îraqê hatîye xemlandin, lê ya rast ew ji bo daxwazêt rijêma îranê hatîye. Ev jî ne tiştek segre (ecêbe). Ji ber ku kungere liser daxwaz û bi diravê îranê hate danan.

Eger bejna wê beyanê bi kiresê dîroka pir xwina xebat û gorî kirin û kovanêt van çend salêt dawîn gêt îrqê û kurdistanê bixemlînin, gereke em wê bi komîdîya trajîdî navkin.

Komîdî ji ber rengê girêdan û karkirin û ew hemû tuxmêt li wir lêk kom kirin. Her ji kesêt kevne melik û kevne perês û heta hemû nûnerêt hîzbêt siyesî.

Tirajîdiya wê ewe ku kunger Tehran, gelek armanc û mebestêt kûrtir hene. Egera wan serûberêt kovandare yêt ku tevgêra niştimanî, dimoratî li îraq û îranê tûş boy. Kungera Tehran, neberhemê du roj, sê roj û sê mehane.Lê ew berhemê karwanê pir dûrê dirêj ê xebata ka pir xeletîy û he bona têwrekê sîyasî yê diriste. Egera rûmetê şikestina hîzbêt pep û nebona sitrajîdeka xebata niştimanî ya taybet bi serû berêt deverê ve ye û xwe peristiya hîzbêt borjuwaze.

Mezintirîn eger di berhevbûna vê kungerê de. (dijminê dijminê min, dostê mine). Ev jî tiştek biveye (xetere) ji ber çendeya paşvemay û ne mirovatî ya rijêma îranê û nexşe û pîlanêt wê, Berahiya hemûyan, dagirtkirina Iraqê û danana hukmekê îslamî li wir. Vaye beyanname minnetan ji rijêma xumênî digirti û wan hem gunehên wê bi bumbankirina cihêt medenî piştguh xistine, bitînê gazîyek bişerim jî nedaye îranê ji ber wan karêt wê beramber cihêt medenî ! Berûvajî, her piştî kungerê rijêma îranê bajarêt kurdistana îraqê bombaran kirin, wek Silêmanî û koye, heta nihe bisedan jin, zarû kesên bê guneh li wan ciyan kuştine.

Bitenê carekê li silêmanîye 70 jin û zarû kuştin.

Helbet rijêma îranê hizir diket ku kungera

R 2

P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN

Postgiro: 420 4506 - 2

# سەردەمی نوێ

لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ

خاوەنی ئیمتیاز
د. جەمشید حەیدەری
سەرنووسەر
کریم حسامی

سالی دووهه م  ژماره ١٦  بانه مه ر  مای ١٩٨٧  نرخی ١٠ کرۆنی سویدی یه

## یەکی ئەیار رۆژی هاوپێوەندی زەحمەتکێشان

یه کی ئەیار لـه و کاته دا که جێژنـی کرێکاران وزه حمەتکێشا-
نـی سەرانسەری جیهانـه ، هەر لەو کاته شدابیرەوەری دووکارەسات
و رووداوه یه له مێژووی خـ، باتـی کرێکارانـی جیهان بۆ وەدەست
هێنانـی ماف و باشتر کردنـی ژیان وسەپاندنـی قانووی پێشکەوتوی
کار و نه هێشتنی چه وسانه وەی مرۆڤ له لایەن مرۆڤەوە.

یه که م بیره وەری خه باتی کرێکارانـی شاری شیکاگۆ ١٨٨٦
له ولاته یه کگرتوه کانـی ئه مریکا بۆ وه دەست هێنانـی مافـی
سه ندیکاییو باشبوونـی هه ل و مه رجی کار، هه ر له و کاتەش
داهاو پێوەندی کرێکاران و زەحمه تکێشانی جیهان له خه باتـی
دژی سەرمایەداری چه وسێنەر دا.

دووهەم یادی درندەیی و وه حشیەتی حکومه تی به رواڵـه ت
ئازاد و لایه نگری مافـی مرۆڤ ی ئه مریکا کـه پۆلیس و هێزی چه
کداری به گژداکردن و مانگرتنی کرێکارانـی له خوێن دا نوقم کرد.

لـه سالـی ١٨٨٩ وه ئه م رۆژه به رۆژی نێو نه ته وه یی کرێکا-
ران ناسراوه و کرێکار و زه حمه تکێشانی جیهان لەم رۆژەدا دەست
لـه کار هه ڵدەگرن و له خۆپێشاندانـی یه کگرتوودا ، هێز وتوانای
خۆیان به سەرمایەداری نیشان دەدەن.

له وماوه یەدا وەزعـی جیهان و شێوەی خـه باتـی چینا یه تـی
و سینفی کرێکاران گۆرانـی زۆری به سەردا هاتوه .لـه گـه لێـك
ولاتان خۆپێشاندانـی کرێکاران له لایەن حکومـه ته دیکتاتـۆر و
دژی گه لیه کانـه وه له خوێن دا نوقم کراوه و جێژنیان کراوه بـه
شین. لـه زۆر ولاتانـی سه رمایەداری هـەر چـه نده له بـەر لادان
و هـه لپه رستی رێبەرانـی حیزبه سوسیال دێموکراته کان و سـه ر
کرده سه ندیکاییه کان ، چینی کرێکار نه یتوانیوه ده سه لاتـی
سیاسی بگرێته دەست و چـه وسانه وه له بن بێنێ، بەلام توانیویه
تـی له گه لێك باری ئابووری و کۆمـه لایه تیه وه، وەك باشکردنی
هـه ل و مـه رجی کار و کەم کردنەوەی سه عاتی کار و مافی سه ند-
یکایی و شتی تر ، مل به سەرمایەداری چـه وسێنەر رابکێشێ وهه-
ندێ ویستی خۆیان پێ بسه لمێنێ.

له هـه ندێ ولاتیش دا چینی کرێکار له ژێر رێبەرایه تی حیز-
بـی شۆرشگێری خۆیدا ، توانیوه یەتـی رێژیمی دەرەبەگـی سەرما-
یـه داری برووخێنێ و سیستمی چـه وسانه وەی سه رمایەداری تێك
و پێك بدا و به هاو کاری و هاو سەنگەری له گه ڵ وەرزێران وزەحمه
تکێشانـی دیکەی شار و دێ،ده سه لاتـی سیاسی بگرێته دەست و بۆ
هـه تا هـه تایـه فه لسه فه و به یت و باوی **"ئه بەدی بوونی سەرما-
یـه داری"** که له لایەن ئیده ئۆلۆگه کانـی بۆرژوازی و لایەنگرەکا-
نیانه وه بلاو ده کرێته وه ، کۆتایـی پێ بێنێ.

بـۆ لاپه رەی ٢

## ڕیژێمی فاشستی بەغدا کوردستان ویران دەکا

به پێی ئەو هەوا لانەی له کوردستا-
نه وه گه یشتوون، رێژیمی به عسی بـه-
غدا ، لەو ماوەی دوایی‌دادەستی کردوەبه
گواستنەوەی خـەلکی گوندەکانی ناوچەی
دهۆك(٢٤٠ )گوند ، ناوچەی هەولیر ،کۆی
هەریر وهیران و شەقلاوه و هیزۆپ و چوا
قورنه و دۆله ره قه و ناوچەکانی تر.



هەروەها دانیشتوانی دیانا و رەواندوز-
ئاگادار کراون که دەگوێزرینەوه. گونده
کانـی ئەو ناوچانەی گوێزراونەوه بـه
بلدۆزەر تێکدراون و ته خت کراون.رێژیم
بەردەوامـەله گواستنەوەی خەلکی گونده
کانی کوردستان بۆ هێندێ ئۆردوگای تایبه
تی لەشکر که بۆ ئەم مه بەسته چه پەلـه
ئاماده کراون. جگه لەوه ژمارەیه‌کـی
زۆری له وەرزێرەکانی کوردیان گواستوو
نەوه بۆ ناوچەی رمادی و سەر سنووری
ئۆردون و خوارووی عیراق. رێژیمی فاشی
بەغدا به مەش رانه وەستاوه، له ٤/١٥/
١٩٨٧ ناوچه رزگار کراوەکانی پارێزگای
هه ولیر وسلیمانی)به گازی ژاراوی وبۆ-
مبای کیمیاوی بۆمباران کردوه و پتر له
٢٠٠ هاونیشتمانـی کورد کوژراوه ن وبـه
سەدان کەس خه لکی بێ تاوان برینـدار
بوون. هه روه ها له رۆژی ٤/٢٠ دا فرۆ-
که کانـی رێژیم دوو باره ناوچەی هه ولیر-
یان به چه کـی کیمیاوی وگازی ژاراوی-
بۆمباران کردوه.

بـۆ لاپه رەی ٣

## لەگەڵ ئارمانجی بەرێز

رۆژنامەی ئارمانج که له لایه ن **"یه
کێتی کرێکارانـی دێموکراتی کوردستان"** وه لـه
سوید دەردەچێ، له ژماره(٧٠)ی مانگی
ئاداری خۆی دا ،له ژێر ناو ونیشانـی
"یه که مین کۆنگرەی کولتور وئەدەبی
کوردی" نووسراوەیەکی بلاو کردۆتەوه
که باسی "پێك هاتنی کونگرەی فەرهـه-
نگی ئەدەبی کوردی" دەکا له مەهابات.
له بەر ئەوه که باسەکه پێوه ندی بـه
وه زعـی کوردستانی ئێران و سیاسەتی
کۆماری ئیسلامـی ئێرانه وه هـه یه ،به
پێویستی ده زانین نه ختێك مه سه له که
پتر شی بکه ینه وه.

وه ك ده زانین کۆماری ئیسلامـی
ئێستای ئێران، دەولەتێکی شیعه مەزهه
بی دواکه وتووی کۆنه په رسته که هەمو
یاساو داب و شوێنی حکومه تی بـه
ده ست تاقه که سێکه وه یه کـه لـه
ئایینی شیعه دابه **"ولایه تی فه قیه"**
ناسراوه و فه رمایشتی وئه مری **"ولایه-
تی فه قیه"** وه ك قورئان بۆ موسلمان
وایەو گه رانه وه و بەر پەرچدانه وه و-
ئەولاولای بۆ نیه . به رێوه بەرانی کۆ-
ماری ئیسلامـی ئێران بێجگه له وشەی
**"تەوحیدو ئیسلام"** (که ئەویشیان بـه
درۆیه و له مه زهه بی شیعه دا (تەقیه)
حه لالـه)هیچ گەل و نه ته وه یه ك بـه
ره سمی نا ناسن و له قاموس و بیـر و
باوه ری ئەوان داته نیا **"ئوممه تـی
ئیسلام هه یه"** و به س.

بـۆ لاپه رەی ٤

Ji rup. 1

# BÎRANÎNA HÊMIN NAMIRE

Her cen bi kovan derd û keserim ez
Qet ji bervî çerxî narevim hev mevdim ez

HÊMIN li gor peyvên xwe bû, qet nerevî û yakêm nekir û baweriya wî bi paşeroja Kurdan mukumbû.

Berhemê hozanen HÊMIN di sala 1941 ande destpê dike, digel danana Komela (J.K) û derxistina Kovara (Niştiman) ew dike ber belav kirina berhemên xwe. Heta ew hat î nav komela (J.K.) navê wî MOHMED EMÎNE ŞEXOLISLAM bû.

Lê di komelê de navê HÊMIN li xwe dixe û binavê (M.Ş.HÊMIN) hozanên xwe belav diket.

Bo cara yeke dinav kongera P.D.K Iranê û li hizora Qazî Mehemed xelk wî bi navê (Hêmin) dinasin, her ji wê rojê û heta mirina wî ew bi wî navî dimîne.

Hêmin dihozana xwe ya yekemîn belav bûy de dibêt kû ew dijî axûbegane, ku ew egera tepeserî û pasvemana kurdane, Hêmin dibê:

Jiber zulm û zoriya wane
Welat tevde wêrane
Min hezar xweziyêt bêbane.

Wî her ji lawîniya xwe enya (bereyê) miletî xwastiye û ta mana xwe ew wefadarêwê rê bû. Damezrandina P.D.K. Iranê û bûna Komara (cemhoriya) demokaratîk a Kurdistanê delive (mecal) ji bo wî xeştirkir ku ew di hozan û hivîsînên xwe de pêşde bikeve. Hozanên wî dengvedana wê bûyera mezine ya ku di dîroka kurdande hatî û çû kesek din wek wî nikiye wusa hisa (Hesta) milletî xeberdidet. Ew ji bo roja bilind kirina alayê Kurdistanê di hozana xwe (roja şadî) de dibêt:

Roja xweşî û pêkenin û dawete
Wey çîrojek pir qedr û pirqîmete

Cejna serxwebûn û demê azadî
Demê jîn û vexwarin û şahî û şadî

Her di wê hozanê de ew rind û cwqn behsa sê rengên alaya Kurdan dike. Wek dibêjîe:

Rengê sor ya nî yê bête bin min
Xwîna xwe birêjit ji bo parastina min

Hêmin ji bo roja damezrana komara demokrat ya Kurdista dibêje:

Roja te cejna mezina Kurdane
Navê te dermanê jan û derdane
Ev sal behare ji bo me zivistran
Bimre dujmine Kurd û Kurdistan

Piştî ketina komara Kurdistan û şehîd bûna rêberên wê, Hêmin neçardibe diçe Kurdistana rojava.

Ew ji bersehîd bûna pêşewa (Qazî Mehemes) di hozaneke xwe de diyardike ku her çend duminî komarnehêla û Qazî Mehemed li sêdarê xist, lê Kurd namirin û her de serkevin, ew dibêje:

Lê Kurd çucar nareve
Bi wan derban nakeve
Ji kerban lêvan digeze
Ku siwar bû danabeze

Dirêya xebatê de Hêmin tûşî bajarî bêhdî, dûr ji mal û zarowên xwe dibe. Lê ji dilsozên Kurdistana başûr nahêlin ew hizra xerîbiye bike. Çen Hêmin barî bi kurdan hebû, hind jî kurdan ew xweş diviya û qedrê wî digirtl Mellete xebatkarê Kurd serkanya bozanêtwî bû. Ew dibêje:

Xwedî sozim ji bo govenda xelkî
ronahîkem
Kî we wekşaîr ji bo xelkî xwe di
soje şem ne bit.

Hên di derbideriyê de hozanên xwe dike çek û gulle di destê xebatgerande li sîngê dujmin dixe. Ew bibêje:

Min pê girtî, derketim darederî
Min rê girtî, rêya (Qazî) û (derbiderî)
[illegible] tirsîne gulle û kinif û sêdare

Her di herim hete dema rizgerbûn

Bêhna derbiderî û evîna azad î xweş ji hozana (Bîrbikem) de dîyare. Ew dibêje:

Bîra min biken bîra mina dûr welat

Bîramin yê bê bes ji xosî û şadî
Bîra min yê evindara azadî

Pistî şorişa milletên Iranê, Hêmin vedgere welat û bizava kultorî û siyasî dike. Lê ji berçend egerên siyasî ku em nikarin li vir behis bikin, Hêmin neçar dibe li gundê xwe. (şîlanawê) mala xwe rûdine mijûrlî nivîsînê dibe. Demê komara Îslamî hêreşê diken ser deverê. Hêmin digirin û lizîndanê dixen. Piştî berdiden, ew ne çar dibe li bajare Ormiyê rûdine. Ew çend pîr û deskurt dibe, lê ew ha raweste û ji bo ziman û torê (edeb) kurdî her dixebite. Hêmîn ta mirina xwe karî bû 4 hemmaran ji rojnama (sirwe) derxit û belav biket.

Lê nexweşî û jîna wî ya dijwar pêtirê neda wî li 17.Nîsanê 1986 an dilê wî yê mezin rawestiya. Hêvî û xweziyên milletê xwe digel xwede birne bin axê.

Ew di hozana xweya dawî belav bûy de dibêje:

Bila dujmin bizanit
Rewez bi dar des hûrnebit
Divê her Kurd bo kêriyan bifire

Elho ji eskêran qet nebire

Vî gotarî bi vê parçe hozanê dawî dikeyn ku dibêje:

Kengî diriste gulla limin xin
berden dû min rav û re vê
ku min got Kurdim di Kurdistane xeda
min jîn dive? ✱

(HELGURD

Ji rup. 2

# TURKÎYE JI KÊRE

Welatê amrîkî piştî bicî anîna armanca xwe jî bona dana sistema serê stêvan, sîyaseta dewletan birengekî de birêve bet ku pişkeka zor ji cîhanê ji jîna emrîka hisab biken. Domkirina serê Iraq-Iranê û rikmaniya serokê Iranê liser şerî, delîvan ji bo amrika xweş dike. Ewê ku nexsê xwe mezinkirnê bi dar destê hevalên komara Îslamî tênedana, li kesên şareza û zana ne seyre (ecêbe) lê ji wan kesên ku berên welatên dost û bira wek tirkiya Nato û Pakistana Emrîkî di sîngê me wer diken, li wan kesan ve her de rûreşî mînit. ✱

Ji rojnama Merdum hatiye wergirtin hejmar 140.

Ji rup. 1

# CEJNA '1' Î

Bila roja Cejna Karkeran bibte roja hefkaryê dinafbera tev karkerên Cîhanê û karwanê xwe ji bo serketina dawî bajon. ✱


"تـــــى بێنـــــــى"

گیرانەوەی نووسراوەو بۆ چوونی چاپەمەنی جۆربە جۆری جیهـان لە بارەی کوردستان و ڕووداوەکانی نێو جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەو مانایە نیە کە نیوەرۆکی باسکراوەکان بە تەواوی لەگەڵ بۆچوون و بیرو باوەری دەستەی نووسەران یەك دەگرنەوە. مەبەستی ئیمە ئەوەیە کە خوێنەرانی بەرێز لە بۆچوون و بیرو ڕای ڕێکخراوەو حیـــزب و کەسانی جۆربە جۆر لە بارەی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخـوازی کورد ئاگاداری یان هەبی.

"سـەردەمـی نـوێ"

XWEDI:
Dr. Cemşîd Heyderî
BERPIRSYAR& REDAKTOR:
Kerîm Hussamî

# Serdema Nû

JI ALÎ DESTEYA NIVÎSKARAN VE TÊT BELAVKIRIN

P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN
Postgiro: 420 4506 - 2

Sal 2 Hejmar 16 GULAN 1987 Biha 10 skr.

## CEJNA '1' Î GULANÊ

Her wî demê yekî gulanê roja Cejna karkerên seranserî cîhanê ye, ew wusa bîranîna du bûyerên giringe di dîroka karkeriên cîhanê de, ji bo nêmana sepaniyê, dana yasa (qanon) a karî û pêşdebirina jînê:

Bîranîna yekê xebata karkerên bajarê (Sikago) yeki (1886) ende di welatên hergirî yen Amrîkîde ku bo egera başkirina serûberen karkirinê û her ew bo tevgrtîna karker û rêncberên cihanê li dijî kesen kapîtalîst.


Ya duwê ewe demê rijêma Emrîkî ya hov û dirr a ku pirotesta karkeran biçekan di xwûnê de xendiqandî. Di sala 1889 de ev roje bi roja karkeran a naf netewî dana û, her sal wê rojê hkarkerên Cîhanê dest ji karî berdiden û bi hevgirtînatevayî, hêz û şiyana xwe niş texa kapîtalîst diden.

JI hînê were guhurînên mezin biser serûberên cîhanê û xebata texeyî (cînayetî) a karkeran de hatiye. Di zor welatên diktatorîde xwenîsandan (demustaşonên) karkeran bixûnê xendigandine û roja cejnê kirine ya sîniyê. Di zor welatên sermayedar (Kapîtalîst) de, her çende biladana çen rêberên partiyên Sosyaldemokrat, çîna (texa)karker nikaiye darê hukmî bêxit destê xwe, lê her kariye ku, serûberê karî baştirbiket û li hember kapîtalist şiyana xwe nişa bi det û daxwazen xwe diyar biket. Di hindek welatan jî de texakarker kariye bi rêberiyaparta xwe yaşoreşgêr, rijêma sermayedar (Kapîtalist) biroxînitû sîstema çemwandinê (sepaniyê) bisewitîne, bi hefkarî digel rêncber û cotkarên din yenbajar û gunda bi hetahetayê darê sermayedariyê bidûmahî bînir.

Karker û zehmetkeşên Kurdistan jî, di gûnaxên cuda de û di karidanêt cudade milbimilê texakarkerawelatê xwe xebata xwe dom biden. Jo bo ve rê jî gelek qurban dane. Wan zêdebarî xebata hevbeş digel karkerên Tirk, Ereb û Faris de ji bo wergirtina mafên xweyên civakî, aborî û candî, ew dihemî dema de xebata xwe yanetewî jî di stuwê xwe daniye. Gelê Kurd ji bo wergirtina mafên xwe yên netewî, gelek qurbanî dane, keftine ber hovetîû dirrindeyarijêmên sovînist, ku wan rijêman hemû rengên tepeserkirinê bikar anîne, lê nikarine heza Kurdan jibin biben. Lê serborên xebata karkerên gelek wilatan û ya miletê Kurd jî diyar dike ku, texa karker û heza pêşketinaxwaz bitineê ni kare serkeve û dijimin li erdê bixe. Ders wergirtin jiwan serboran pêtiviye, nexasme ji bo xebata netewî ya gelekî, ji bo serketinê û bi armancete bigehin, gereke gelê Kurd têkeliyên başbike digel hezên karkerên wan welatan yên ku Kurddinavde hatiye perçe kirin. Ji bo ve hefkariye ji, gereke rêya rast bête diyar kirin. Her siyasetek ku astengan danît vêvê, ew xizmeta gelê Kurd û pirsa wî naket û zîyanê dê lêxit. Berovajî, ger hêzên karkerên wan wilatan hefkariya pirsa Kurdî neken, ew nikarin li dijî Emperyalîstê rawestin û ji bo armancên xwe xebatê bikin.

R.3





## BÎRANÎNA HÊMIN NAMIRE

Salek bûrî biser mirina hozanvanê mezinê Kurd, hozanvanê Komara Kurdistan, û hejar û perisanan û hozanvanê pêşmarga HÊMIN E MAMOSTA.

Wî xatra xwe xwast û em hêlan, lê ew herdem digel mede dimîne. Wî di hizraher welatperwerekî de cihê xwe kiriye, navê wî liser çiyan û li geliyên Kurdistanê kolaye, li ser zimanê genc, pîr û zarowandaye, we li dest pêkê bi agirê bozanên xwe hinavên me kelandin, evîna welat li dilêt me de çand. Ji mere got ku rêya xebatê dijwar û pir girtin û îşkence ye, pir zincîr û ew sêdareye.Ber 45 salan dengê hozanên HÊMIN di mejye zarowan û li ser rûperên rojname kovaran den veda. Ev rojîli her cîyekê Kurd lê û zimanê Kurdî dilive hoznên wî dengdiden:

R.3

## TURKÎYE JI KÊRE DOSTE ?

Tirkiye welatê dost û hevdînê komara Îslamiya Iranê ye. Bo cara sê ew Kurdistana basor bombabaran diket. Firokên Tirkî endama (Nato), 30 firoken bomb havêjên Amrîkî yen dewleta Tirk gundên ser tuxîbî li Kurdistana basor bombabaran kirin, ku di eqerê da kuştin.

R. 2

P.O.BOX 7066
163 07 SPÅNGA
SWEDEN

Postgiro: 420 4506 - 2

# سەردەمی نوێ

رۆژنامەیەکی سیاسی - فەرهەنگی کۆمەڵایەتییە

خاوەنی ئیمتیاز
د. جەمشید حەیدەری
سەرنووسەر
کریم حسامی

سالی دووهەم    ژمارە ١٧    جۆزەردان یونی ١٩٨٧    نرخی ١٠ کرۆنی سویدی یە

## کۆنفرەنسی رۆژهەلاتی نێوەراست و مەسەلەی کورد

بە گوێرەی دەنگوباسی ئاژانسەکانی خەبەری ئاخافتنی پیاوە سیاسیەکانی رۆژئاواو ولاتانی عەرەبی پاش چەند ساڵ باس و دم بەدمە و کێشە و لیکۆڵینەوە، پێك هاتنی کۆنفرەنسی نێونەتەوەیي، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی رۆژهەلاتی نێوەراست و پێك هێنانی ئاشتی لەو هەریمە، بە تایبەت ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل، هەروا دێ وە نیزیك دەکەوێ. هیچ دوور نیە ئەم کۆنفرەنسە لە سالی داهاتوودا ببەسترێ.

پێشنیاری پێك هێنانی کۆنفرەنسی نێونەتەوەیي رۆژهەلاتی نێوەراست، بۆ لیکۆڵینەوە و چارەسەر کردنی مەسەلەی فەلەستین و کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، لە لایەن دەولەتی سۆڤیێتەوە هاتە گۆرێ. چەند ساڵ لەمە و بەر نوێنەری یەکێتی سۆڤیێتی لە کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری کرد کە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی فەلەستین و پێك هاتنی ئاشتی لەو هەریمە، کۆنفرەنسیکی نێونەتەوەیي بە بەشداری پێنج دەولەتی ئەندامی شورای ئەمنیەت وولاتە عەرەبیەکانی خاك داگیر کراو ونوێنەری راستەقینەی گەلی فەلەستین، واتە ریکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین پێك بێ.

ئەو پێشنیارە هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ بەرهەلستی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بە رەو روو بوو. دەولەتی میسریش کە تازە کە وتبوە نێو زەلکاوی پەیمانی **کەمپ دیڤید** و بەندوك پێوە ببوو، لە ئاستی ئەو پێشنیارە لالوت بوو. لایوا بوو کە پلانی **کەمپ دیڤید** بە یەکجاری مەسەلەی فەلەستین و عەرەب و ئیسرائیل چارەسەر دەکا. ئەمریکا و ئیسرائیلیش بە هیچ جۆر نەیاندەویست کە دەستی یەکێتی سۆڤیێتی بکەوێتە نێو کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و بێتە نێو کارەساتەکانی ئەم ناوچەیە. لایان وابوو ئاشت بوونەوەی میسر و ئیسرائیل ئیتر گشت مەسەلەکانی چارەسەر کردوە.

بۆ ل ٢


## تیروانینی ئیسلامیەکان لە مەسەلەی کورد

جەمشید حەیدەری

مەسەلەی کورد لە ئیران و عیراق ، یا باشترە بلێین لەو ولاتانەی کە بە ئیسلام ناو دەبرێن نوێ نیە. کوردستان و میلەتی کورد بە گشتی لە سەرەتای پەیدا بوونی ئیسلام ئەو دینەیان بە سەردا سەپێنراوە ، لە دواییشدا بە دڵ و گیان لە پێناویدا زۆر قوربانیان داوەو ژمارەیەکی زۆریش لە پیاوی زاناو ناودارەکانی ئیسلام کورد بوون. تەنانەت یەکێك لەوانەی کە لە مێژووی ئیسلام دا دەوری کاریگەری نواندوە ، سەلاحەدینی ئەیوبی کە کورد بوو. لەو رۆژەوە کە بزوتنەوەو راپەرینەکان بۆ مافی نەتەوایەتی و سەربەخۆیي دەست پێ کراون ، سەرکردەو پیاوە ئاینیەکان دەورێکی گەورەیان نواندوە لە رێبەرایەتی ئەو راپەرین و بزوتنەوانەدا. بە تایبەتی لە سەدەی نوزدەوە راپەرینی سالی ١٨٨٠ ی شیخ عوبیدولای نەهری ، ١٩٢٥ راپەرینی شیخ سەعیدی پیران ، ١٩١٩ شورشی شیخ مەحمودی حەفید ، راپەرینەکانی شیخەکانی بارزان ، پێشەوای نەمر قازی محەمەد. بەلام با بزانین هەلوێستی ئەو دەولەتانەی کە بەناو پیرەوی ئیسلامیان کردوە یا دەیکەن یا خود خۆیان بە سێبەری خوا زانیوە لە سەر زەمین، چۆن بوە لە بەرامبەر کوردو داخوازیەکانی گەلی کوردستان ؟

بۆ ل ٤

## رۆژی جیهانی مندالان



شەهادەتیان فێر دەکەن و پاشان رایان دەدەن بۆ مەیدانی شەر وبە کوشتیان دەدەن.

بۆ ل ٥

**رۆژی هەوەلی مانگی ژوئین** بە رۆژی نێونەتەوەیي منال دیاری کراوە. بە گوێرەی بەیاننامەی مافی منال کە سالی ١٩٥٩ لە لایەن کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کراوە، لەش ساخی وپەروەردە و پێ گەیاندن وپێ خوێندنی منال بۆتە ئەرکی پێویستی سەرشانی هەموو دایك و بابێك و گشت حکومەتێك.

لە بەیاننامەی مافی منال دا بەم بۆنەوە گوتراوە : " **سلامەتی و لەش ساخی بەدەنی و فیکری منال دەبێ ئاواتی هەموو نەتەوەیەك وهەموو مرۆڤێك بێ... بۆ هەموو منالێك ئەشێ دەرەتانی پەروەردە وپێگەیشتن لە هەل و مەرجی سروشتی دا پێك بێ**"

دیارە ئەم بریار و بەیاننامەی کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەك گەلێك بریار و بەیاننامەکانی دیکەشی هەر قسەی نێو تالار وسەر کورسی و وشەی بان کاغەز وناکرێ کەس دلی پێ خۆش کا و کیسەی بۆ هەل درووێ.

با نوێنەرانی کۆمەلی نەتەوە یەکگرتووەکان سەر لە ئیران و عیراق بدەن و بزانن چۆن منالی دە دوازدە سالە لە جیاتی مەدرەسە و خوێندن و فێر بوون لە فێرگە نیزامیەکان دەرسی شەرو

لەم ژمارەیەدا :

- بەلگەیەکی مێژوویی
- حوزەیرانی خوێناوی
- ئەرکی لاوان و خوێندکاران لە قۆناخی ئێستادا
- کوردستان لە چاپەمنیە کاندا
- کولتووری بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی
- بەشی کرمانجی

# حوزیرانی خویناوی

سالّ دێ و سالّ دەڕوا مێژوش بەرەو دوواوەوە ناگەڕێتەوە ، هەر ڕووداوێك دەرسێکە بۆ نەوەی دوا ڕۆژ .. لاپەڕەی مێژووی نەتەوەی کورد بە خوێنی ئالّی شەهیدان تۆمار کراوە ، بە جەستەی لاشەیان بنیاد نراوە .. **جواهیر لعل نیهرو** لە بارەی شەهیدانی شورشی شیخ سەعیدو ڕاپەرینی کورد لە سالی ١٩٢٥ دا نووسیویەتی : **میللەتێك لە پێناوی ئازادی قوربانی بدا مردنی بۆ نی یە** " ، دوای هێرشی درندانەی حکومەتی بەعس بۆ سەر کوردستان لە دەی حوزیرانی سالی ١٩٦٣ دا شاعیری گەورەی عەرەب **محمد المهدی جواهری** لە شیعری **دلّم بۆ کوردستان** دا دەنوسێ : **میللەتیك ستونی ژیانی** کە لە سەرو خوێن بێ دنیا دەرمێ و ئەو شکست ناهێنێ . دوو مروڤی ناسراو ی سەردەم ، بەم جورە خەباتی قارەمانانەی کوردیان هەلسەنگاندوە .

تورك لە ناو چوون ، میراتگرانی ئەتاتورك تا ئێستاش نەك هەر بەردەوامن لە سەر ڕەوەشتی جارانیان، بەلکو جاروبار پەلامار داوێنە بەشەکانی تری کوردستانیش ، دەس ناپاریزن لە تاوانی کوشتن و وێران کردنی کوردستان، پەلاماری لەشکری تورکیا بۆ کوردستانی عیراق لە سالانی ١٩٨٣ ـ ٨٤ ـ ٨٥ـ ٨٧ باشترین بەلّگەی تاوانەکانیانە دژی کورد و کوردستان .

## چل سال بەسەر شەهیدانی ڕیگای ئازادی دا

لە بەرە بەیانی حوزیرانی ١٩٤٧ ڕیژیمی کۆنە پەرستی پاشایەتی عیراق لە بەغدا چوار ئەفسەری تیکوشەری کوردی لە سیدارە دا ، چوار قارەمانی ریگای ئازادیو سەرفەرازی کوردستان بە گیانی خۆ لیّ بوردن و پالّەوانانە پێشەوازی پەتی سێدارەیان کرد ..

ڕۆژ هەلات ، کە ئەو کات خەباتی ڕزگاریخوازی کورد هەنگاوی نوێ نابوو لە پێناو دامەزراندنی قەوارەیەك بۆ کورد .. ئەو چوار ئەفسەرە لە روانگەی ئەرکی نیشتمانەوە ، بە چالاکی بەشداریان کرد لە دامەزراندنی لەشکری ئازادیخوازی کوردستان و هەموو زانین و توانایان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد، دوای رووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستان عیزەت و هەوالانی گەرانەوە کوردستانی عیراق بۆ بەردەوام کردنی خەبات بەلام لە لایەن ڕیژیمی پاشایەتی دار دەستی ئیمپریالیزمی ئینگلیز لە بەغدا دا هەر چوار دران بە دادگا .. لە دادگادا سەریان بۆ دوژمن شور نەکردو جوامیرانە بەرگریان لە هەلویستی خۆیان و مافی ڕەوای گەلی کورد کرد.

لە شەوی ١٩٤٧/٦/١٨ هەر چوار ئەفسەر ئاگادار کران ، کە لە بەرە بەیانی ١٩ی حوزیران لە سێدارە دەدرێن.. ئەو چوار ئەفسەرە قارەمانە لە دوانامەیان بۆ گەلی کورد نووسیویانە :



١٩ـی حوزەیران یادی شەهیدانی ڕێگەی سەربەخۆیی کوردستانە

لە دریژای سال دا مانگ نیە روداوی دلتەزین و کارەساتی درندانەی دژ بە گەلی کورد تیّدا روی نەدابێ، داگیرکەرانی کوردستان بۆ لیدانی کورد هەموو ناکوکێك دەخەنە لاوە، مێژوی نیزیك و دوور ئەو ڕاستیەی سەلماندوە. گەر لە هەر مانگێکدا ، رووداوێکی دلتەزین رووی دابێ لە کوردستان ، ئەوە حوزیران بە درێژایی ئەو سەدمیە دەها کارەساتی خوێناوی تۆمار کردوە،بۆیە دەتوانرێ بگوترێ کە شوم ترین مانگی سالە بۆ کورد ..

لە ١٩٢٥/٦/٢٩ شیخ سەعیدی پیران و هەوالانی و هەزاران شورشگیری کورد بە دەستی چەپەلی کەمالیستەکان کوژران و لە سێدارە دران ، بە دەیان ژن و مندالّ و پیر بە دەستی ژندەرمەی

**عیزت عبدالعزیز ، مستەفا خوشناو ، محەمەد محمود قودسی و خیراللە عبدالکریم** ـ ئەو چوار ڕۆلە بەشەرەفەی کورد ، گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناو ئازادی کورد .. ئەو چوار ئەفسەرە لە گەل چەند ئەفسەری ئازادیخوازی کورد لە سەرەتای چلەکانەوە هاتنە کوری تێکوشان لە ریزی ڕێکخراوی سیاسی کوردستان ، ژیان و گیانی خۆیان خستە سەر دەست لە پێناو نیشتمان دا ..

لە کاتی شورشی بارزانی سالی ٤٣ـ٤٥ بێ گویدانە پایەی سپایی و بەرژەوەندەی کەسایەتیان ، دایانە پال ڕاپەرینی بارزان و مەردانە جەنگان لە پێناو مافی ڕەوای گەلی چەوساوەی کورد. لە سالی ١٩٤٥ لەگەل پێشمەرگەکانی بارزانی روویان کردە کوردستانی

**لە شەهیدانی نیشتمانەوە : عیزەت عەبدولعزیز ، مستەفا خوشناو ،خیراللە عەبدالکریم و محەمەد محمود قودسی** بۆ برا خۆشەویستەکانمان ڕۆلّەکانی گەلی کورد ، ئەم نامەیە دوای یەك سەعات پاش ئاگاداری خنکاندنمان نوسراوە .

برایان :

دوای چاردە سەعات ئەو ژیانە بەجێ دێلین لە ژێر دەستی ئیستعمار بە سەرمان دەبرد . بە پەتی ئیستعمار دەخنکیندرین ، گیانمان بە گیانی شەهیدانی نیشتمان دەگا . برایان ئێمە خۆمان بە بەختەوەر دەزانین ، چونکە لە جێ بەجێ کردنی ئەرکی سەرشانمان بەرامبەر گەل و نیشتمان دوا نەکەوتووین .

بۆ ل ٦

پاشماوەی ل ٢

## کونفرانسی روژهەلاتی...

مەسەلەی میللەتیکە لە لایەن سێ حکومەتی شۆڤێنی و دیکتاتۆر وکۆنەپەرستەوە پەلامار دراوە و بە گشت ئامراز و کردەوەیەکی نائینسانی - بۆمباران و سووتاندنی شار و گوند و ئیعدام و کوشتاری بە کۆمەلّ و گازی کیمیاوی و دەرکردن و دوور خستنەوە لە نیشتمان و... - دەیانەوێ لە بەینی بەرن .

مەسەلەی میللەتیکە بۆ مانەوەی خۆی، بۆ پاراستنی بوون و نیشتمانی خۆی،بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووس ڕاپەڕیوە و نایەوێ لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ، چیتر بە ژێر دەستی بژی . ڕۆژهەلاتی نێوەراست بە بێ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەرگیز رووی ئاشتی و ئاسایش و هێمنەتی بەخۆیەوە نابینێ. ئەوەی ئەورۆ لە کوردستان لە گەلّ گەلی کورد دەکرێ نەك هەر لە مەسەلەی فەلەستین و جنایەتی ئیسرائیل و ڕیکخراوی ئەمەلی شیعە کەمتر نیە، بەلکوو بۆ یاساکی مرۆڤایەتی و ڕێ و شوێنی نێونەتەوییشەرم و شوورەیی یە .

ئێمە سەرنجی حیزبە سیاسیەکانی مەیدانی خەباتی ئەورۆی کوردستان بۆ ئەو مەسەلە یە رادەکێشین کە هەر لە ئێستاوە بیر لەوە بکەنەوە بە پروگرام و نەخشە و پێشنیاری سیاسیانە و دنیا پەسند، بە بۆ چوون وهەلوێستیکی یەکگرتوو، بە ناوی نەتەوەی کورد (نەك سنگ ڕە پێش خستن بە ناوی فلان حیزب و ڕیبەر!) خۆیان بۆ هێنانە گۆری مەسەلەی کورد لە کونفرانسی رۆژهەلاتی نێوەراست دا ئامادە بکەن.

بە ناردنی بیر خەرەوە و سکالا و نووسین سەرنجی کۆمەلی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەولەتە مەزنەکانی ئەندامی شورای ئەمنیەت بۆ ئەو مەسەلە یە رابکێشن.

داوا لە کۆڕ و کۆمەل و ڕیکخراوە کوردیەکانی دەرەوەی ولات دەکەین، بە ناردنی تیلگرام و نامە و پیك هێنانی کۆ بوونەوە و سیمینار، سەرنجی بیر ورای گشتی ئوروپا بۆ ڕووداوەکانی ئەورۆی کوردستان رابکێشن و پیلانی شوومی بێدەنگی و خۆ گێل کردنی کۆمەلی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئاست چارەنووسی میللەتەکمان تێك بشکێنن . *

# ئەرکی لاوان و خوێندکاران لەقۆناخی ئێستادا

مەسەلەی لاوان و خوێندکاران لە دنیای ئەورۆدا بۆتە مەسەلەیەکی بەر چاو • زۆر لە دەولەتەکانی جیهان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی لاوان و خوێندکاران بەرنامەو تەنانەت وەزارەتخانەی تایبەتیشیان دامەزراندوە •دیارە خەباتی لاوان و خوێندکاران لەولاتانی سەرمایەداری رۆژئاوا ، لەگەڵ ولاتانی دنیای سێهەم یا بلێین ولاتانی خەریك بووژانەوە فەرقی هەیە•

له ولاتانی سەرمایەداری خوێندکاران و لاوان لە لایەك لە سیستمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریدا رۆژ بە رۆژ نەخشیان زیاد دەبێ ، لە لایەکی دیکە جم و جۆڵ و بزۆزیان لە جولانەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی‌دا پەرەدەستێنی • ئەم پروسەیە بۆتە هۆی ئەوە کە حیزب و حکومەتەکانی سەر مایەداری پتر ئاور وەسەر مەسەلەی لاوان و خوێندکاران بدەن • خوێندکارو لاوان ئەورو بوون بە تۆژێکی بزۆزو چالاکی کۆمەل کە جارو بار دەبن بە هۆی ژانە سەریش بۆ بورژوازی پاوانی خوازو چەوسێنەر وە هەروەها گیروگرفتیشیان بۆ ساز دەکەن •

خوێندکاران لە ولاتانی سەرمایەداریدا بۆ دیموکراتیزەکردنی فێرکردن و عاملاندن و باشتر کردنی سیستمی خوێندن لە زانستگاکان خەبات دەکەن• هەرچەندە لە باری پێوەندی خیزانیەوە سەر بە چین و توێژی جیاوازی کۆمەلەن و هەلگری شعوری چینایەتی و ویستی کومەلایەتی خۆیانن ، بەلام لەگەل ئەوەشدا لە خەباتی سینفی و تەنانەت خەباتی دژی مونۆپولەکانی سەرمایەدا ری لێك نیزیك دەبنەوەو لە رێکخراوی جۆربەجۆری خوێندکاریدا پێکەوە هاوکاری دەکەن •

دیاردەیەکی دیکەی جولانەوەی خوێندکاران و لاوان ئەوەیە کە لە زور جێگاو لە گەلیك مەسەلەدا بزوتنەوەی خوێندکاران لەگەل خەباتی کریکاران و زەحمەتکیشان تێکەل دەبێ و داخواز و دروشمەکانیان یەك دەگرنەوە• دیارە ئەم نیزیکیە ، واتە نیزیکی ویستی خوێندکاران و دروشمی کرێکاران دیاردەیەکی هەلکەوت و کوت و پر نیە • ئەگەر بە وردی تەماشای ئەم پروسەیە بکەین ، ئەوە خۆی دیاردەو تورەمەی سیستمی سەرمایەداری یە• خوێندکاران لە ولاتانی سەرمایەداریدا لە گەل گیروگرفتی مالی و موخاریجی قورسی خوێندن و زانستگا رووبەروو دەبن •

زۆربەی بەرچاوی خوێندکاران لە ولاتانی سەرمایەداری بۆ بەرێ چون و بەرێوەبردنی ژیانی خوێندکاری ناچارن کار بکەن • لە هێندی ولاتی سەرمایەداری سەدی هەشتای خوێندکاران بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن کار دەکەن • هەزاران خوێندکار بۆ دابین کردنی ژیان و بەرێ چوون ، دەچنە کارخانەکان و لە نیزیکەوە لەگەل کرێکاران دەبنە ئاشنا و لە چۆنیەتی ژیان و کارکردنیان شارەزا دەبن•

لەبەر ئەوە کە لێرا نەهاتوون و پسپوریان لە کار دا نیە ، وەك کرێکاری وەختیش کار پەیدا دەکەن ، ناچار کاری قورس و رەشیان پێ دەسپێرن• شێوەی کارکردن ، سیستمی بەرێوەبەری کارخانە ، فەرق و جیاوازی حەق دەست و مزەی رۆژانە ، ئەوان لەگەل چەوسانەوەی کرێکاران و بێ بەزەیی بورژوازی شارەزا دەکا • کەك کەم مەسەلەی کرێکاران بۆ خوێندکاران دەبێتە جێگای بیرکردنەوە • شعوری کۆمەلایەتی و سیاسی ئەوان زیاد دەبێ و زۆر جار دەبیندرێ کە ئەو خوێندکارانەی لە کارخانە کاریان کردوەو شارەزای چەوسانەوەی کرێکاران بوون ، لە جولانەوەی خوێندکاریدا کەسانی هەرە چالاك و تێکوشەرن •

مێژوی پەرەکردتن و تێ‌هەلچوونی جولانەوەی خوێندکاری نیشان دەدا کە لە سەرەتاوە خوێندکاران بۆ مووخاریجی خوێندن و هەرزانی کتێب و کەم کردنەوەی مانگانەی زانستگاو دابین کردنی کار پاش تەواو کردنی خوێندن‌خەباتیان کردوە • پاشان وریایی سیاسی و کۆمەلایەتی خوێندکاران دەگاتە ئەو پلەیە کە بە ئاشکرا داخوازی تازە دێننە گۆرێ • داوای گۆرینی سیستمی خوێندن و پەروەردە ، سەربەخۆیی زانستگاو رێکخراوی خوێندکاری ، خەبات دژی شەرو تێکوشان بۆ ئاشتی جیهانی و هتد •

هەر ئەوە شە کە حکومەت وحیزبە بورژواکان ناتوانن ئیتر لە ئاست خەبات و داخوازی خوێندکاران خۆ گێل بکەن • نەك هەر ئەوە بەلکو لە پەرە گرتنی بزوتنەوەی خوێندکاریش ترسیان رێ نیشتوە•

یەکیك لە سوسیال دیموکراتە ناسراوەکانی ئەلمانی رۆژئاوا "**پێتر گلودیس**" لە رۆژنامەی "**فوورورتس**"دا نووسیبوی :

بۆ ل ٧

پاشماوەی ل ١

# تیروانینی ئیسلامیەکان لە

کاربەدەستانی عوسمانی سوننی مەزهەب و کاربەدەستانی ئیرانی شیعە مەزهەب ، پاداشی خزمەت و قوربانی کوردیان لە پێناوی ئیسلامدا بە خوێن و سێدارەو مال وێرانی و سووتاندنی گوندو شارەکانی کوردستان داوەتەوە • جۆرەها تاوانیان خستۆتە سەر بزوتنەوەی کوردو بەدبیانوە سەرکوتیان کردوە کەسیش دەنگی نارەزایی و بێزاری بەرز نەکردوتەوەو پشتگیری کوردی موسولمانی لێقەوماویان نەکردوە ، ئەوە لە چوارچێوەی دەولەتی عوسمانی و ئیرانی دا • بەلام دوای شەری یەکەمی جیهان و رمانی ئیمپراتوری عوسمانی و داگیر کردنی ناوچە لە لایەن ئیمپریالیستەکان و دەولەتە دەسکردەکانیانەوە لە تورکیاو عیراق و سوریا ئەو جارە بە چەشنی درندانەتر مامڵەت لەگەل گەلی کورد کراوە • هەرچەندە ئینگلیس و فەرانسە خۆیان بە نوێنەری میلەتانی خاوەن شارستانی و ئازادیخواز داناوە ، بەلام هەر تۆپ و فروکەی ئەوان بوە کوردستانی بۆمباران کردوە و بزوتنەوەی کوردیان بە خوێن دا نوقم کردوەو مێشکی مندالی کوردیان رژاندوتە سەر ئەرز •

بەلام نەماندی پیاوە ئایینیەکانی ئەو دەولەتە موسولمانانە بەرامبەر ئەو تاوانانەی کاربەدەستانی موسولمانی ئیران و عیراق و تورکیاو سوریا دەنگ هەلبرن و بیزاری دەربرن • شوڤینیەکانی عەرەب و فارس و تورك چ لە ژێر پەردەی نەتەوایەتیدا یان لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامدا کوردە موسولمانەکان دکوژن و مالیان وێران دەکەن و لە سەر خاك و نیشتمانی خۆیان وەدەر دەنێن• گەر چاوێك بە مێژوی کورد لە سەرەتای ئەو سەدەیە بخشێنین و لاپەری هەلدەینەوە ، هەمووی بەلگەو سەنەدە دژی رێژیمە کۆنەپەرستەکانی داگیرکەر کە سەپێنراون بە سەر گەلانی ئیران و عیراق و تورکیاو سوریادا •

مێژوی ئەو چارەگەسەدەیەی راپەرینی کوردو هەلوێستی رێژیمە ئیسلامیەکانی داگیرکەری کوردستان بۆ کوردیان سەلاماندوە کە هەموویان بەرامبەر ویست و ئامانجی گەلی کورد یەکن ، هەر کا لایەك لەبەر کەن هەر گورگن لە کەولی مەردا •

سالی ١٩٦٣ مشیر عارف کە مرۆڤیکی نەتەوە پەرست و بەخێر "حاجیش" بوو ، ئەوسا سەربازەکانی گوندی کوردستانیان دەسوتاند خەلکی کوردیان دەکوشت ، کاتی مەلا موسولمانەکانی کورد " قورئان "یان دەبردە تکایەو دەپارانەوە کە دەس لە خەلکی بێ‌تاوان نەدەن ، سەربازەکانی حاجی موشیر عارف مەلایان دەکوشت و " قورئان " نیشیان دەسوتاندو گوندیان تالان دەکرد • ئێستاش نەتەوەپەرەستی عەرەب سەدام حوسین نەك تەنیا ژن و مندال و گەورەو بچوکی کورد دەکوژی و لە سێدارەیان دەدا یا دەیانگوێزێتەوە بۆ چوڵ و بیابانی سەر سنووری ئوردون بەلکوو بە گازی ژەهراوی و چەکی کیمیایی گوندو شاروچکەکانی کوردستان بومباران دەکا•

لە ئیران چەند مانگ دوای شورشی گەلانی ئیران ، ئاخوندە خواپەرەستەکان و جێگری ئیمامی مەهدی کوردستانی ئیرانیان لە خوێن دا نوقم کرد• پتر لە چل هەزار کوردی بێ‌تاوانیان بە ناوی ئیسلام و بۆ سەقام گرتویی عەدالەتی ئیسلامی کوشت •کردەوەکانی پاسدارانی ئیسلامی لە کوردستانی ئیران ، میژوی خەزای سەرەتای ئیسلام یا لەشکری هەلاکۆیان وەبیر گەلانی دنیا هێناوەتەوە • لە کاتیکدا ئەوەی بە شەش میلیون کوردی موسولمان کرا دژ بە گاورو غەیرە دینەکان نەکراوە بەلێ ئەوەیە نمونەی عەدالەتی دەولەتی ئیسلامی ئیران بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی ئیران • بەلام دەبینین ئێستا ئیران دەیەوی وا رابگەینێ کە دلسوزی کوردەو دەیەوی لە عیراق کورد بە مافی خۆی بگا • لەکاتیك دا مافی کوردی ئیران لە ژێر پۆستالی پاسدارانی شورشی ئیسلامیدا پێ شیل کراوە • لە روژنامەو گوڤارو گونگرە و رادیو و تلە فیزیونی ئیران دا باس هەر باسی " **پێشمەرگەی موسولمانی کوردە** " دەیانەوی وا نیشان بدەن کە کورد لە ئیران ئێستا لە بەهەشت دا دەژین و هەموو مافیکیان پێ دراوە • هەر کوردی عیراق ماوە کە لە رێگای ئیرانی ئیسلامەوە بە مافی خۆی بگات•

بەلام با بزانین ئیسلامی خومەینی چۆن چارە سەری مەسەلەی کورد دەکا ؟ یا خود ئەو هێزە ئیسلامیانەی سەر بە ئیران بە چ چاویك تەماشای مەسەلەی کورد دەکەن ؟

دوکتور عەلا کەریم لە روژنامەی ژمارە ٦٢ ی صوت العیراق دا شوباتی ١٩٨٧ دەلی : **کورد بەشیکی جیا نەکراوەیە لە ئومەتی ئیسلام • بەلام لەم چەند سالانەی دواییدا توشی چەوسانەوەی نەتەوەیی هاتوە بە دەستی حکومەتەکانی جوراوجوری عیراق "•**

بۆ ل ٧